# هەواڵنامەی یونامی

نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاریکردنی عیراق

هەواڵنامەی ژمارە 19 — کانونی یەکەمی 2011 - کانونی دووەمی 2012 (ژمارەی تایبەت)


## لــــەم ژمارەیــــــەدا


بۆ بەرەوپێشبردنی پرۆسەی سیاسی نەتەوە یەکگرتووەکان پشتگیری لە دایەلۆگ لە نێوان سەرکردە عیراقییەکان دەکات ........................................ ١

نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان مارتن کۆبلەر هۆشداری سەبارەت بەکەمگرتنی ئەرکی لەپێش دەدات ........................................ ٢

یونامی راوێژ پێشکەشی پەرلەمان دەکات بۆ دەستنیشانکردنی کۆمیسیارانی هەڵبژاردن .............. ٢

پلانی کاری مافەکانی مرۆڤ بۆ هەرێمی کوردستان .. ٤

(یونیدۆ) هاوبەشکاریی لەگەڵ بازرگان و بانکەکانی عیراق دەکات بۆ بەرەوپێشبردنی پەرەپێدانی پرۆژە.... ٥

چیرۆکی ئاسنگەرێکی عیراقی ........................... ٦

قۆناغێکی گرنگ لە داراییدابینکردن بۆ چاودێریی تەندروستی لە عیراق ................................ ٧

رێکخراوی (UNDP)ی عیراق تێگەیشتن لە جێندەر لە نێوان هاوبەشکارە عیراقییەکاندا زیاد دەکات ........... ٨

تۆڕی جیهانیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عیراق: بۆ دەورێکی زیاتری کەرتی تایبەت لە پەرەپێدان ......... ٩

رێکخراوی تەندروستیی جیهانی سەلامەتیی نەخۆش لە عیراق باش دەکات ................................. ١٠

ئاو لە عیراقدا: تاوتوێکردنی ئاستەنگی سێهەندەیی ... ١١

قۆناغی دووەمی بەرنامەی پەرەپێدانی ناوچەیی پەسندکرا ١٢

دروستکردنی متمانە نێوان پۆلیس و کۆمەڵگەی مەدەنی .. ١٣

رووپێوی تۆڕی زانیاریی عیراق ......................... ١٥

کورتە هەواڵ ........................................ ١٦

لیستی کورتکراوەی ناوەکانی ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان ........................................ ١٨


## بۆ بەرەوپێشبردنی پرۆسەی سیاسی نەتەوە یەکگرتووەکان پشتگیری لە دایەلۆگ لە نێوان سەرکردە عیراقییەکان دەکات



سەرکۆماری عیراق بەڕێز جەلال تاڵەبانی لەگەڵ نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان مارتن کۆبلەر. فۆتۆ: نوسینگەی سەرۆك کۆمار جەلال تاڵەبانی

سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بان کی مۆن لەبەر رۆشنایی پاشەکشەی هێزەکانی ئەمریکا لە وڵات لە کۆتایی ساڵی ٢٠١١، وتەیەکی لە ٣ی کانونی دووەمی ٢٠١٢ ئاراستەی خەڵك و حکومەتی عیراقی کرد تێیدا وتی "ئەمساڵ عیراق لاپەڕەی پڕشەنگدار لە مێژووی خۆی هەڵدەداتەوە".

هەروەها وتیشی "ئەمە هەلێکە بۆعیراق بۆ زیاتر بەهێزکردنی دەزگاکانی، کە بەشێوەیەکی دیموکراتی هەڵبژێردراون، و گەشەدان بە ئاشتی و سەقامگیری بۆ بەرژەوەندیی خەڵکی عیراق".

بەڕێز سکرتێری گشتی نیگەرانیی خۆشی لەمەڕ بارگرژییەکانی ئەمدواییە دەربڕی پشتگیری بەهێزیشی بۆ ئەو دەنگانە لەگەڵ دەربڕی کە داوای گفتوگۆ دەکەن بۆ تاوتوێکردنی پرسە هەڵپەسێردراوەکان بە شێوەیەك کە "رێز لە دەستوور و بڕگەکانی بگیرێت بۆ جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و سەروەریی یاسا و دادوەریی سەربەخۆ".

پەیامەکەی بەڕێز سکرتێری گشتی لەلایەن نوێنەرە تایبەتەکەی لە عیراق بەڕێز مارتن کۆبلەرەوە گەیێندرایە ئەو سەرکردە عیراقییانەی کە ئەو لە مانگەکانی کانونی یەکەمی ٢٠١١ و کانونی دووەمی ٢٠١٢ لە گەڵیان کۆببۆوە وەك هەنگاوێك بۆ پشتگیریی هەوڵەکانیان لە دروستکردنی عیراقێکی دیموکرات و سەقامگیر و خۆشگوزەران.

بەڕێز کۆبلەر نیگەرانیی خۆشی سەبارەت بەم چەقبەستوویەی ئێستای وڵات بۆ لایەنەکان خستەڕوو. ئەو هانی پارتە سیاسییەکان و سەرکردەکانیشی دا بۆ بەیەکەوە کارکردن بەرەو دۆزینەوەی بنەمای هاوبەش بۆ چارەسەکردنی جیاوازییەکانیان لەسەر بنەمای (دەستوور) و لەرێگەی گفتوگۆ و رێککەوتنی بەسوودەوە.

بەڕێز کۆبلەر لایەنەکانیشی دڵنیاکردەوە لە ئامادەیی نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاریکردنی عیراق (یونامی ) بۆ پشتگیریکردنی هەوڵەکانی سەرکردە عیراقییەکان بۆ گەشەدان بۆ متمانە و باوەڕبەیەکبوون لەنێوان پارتە سیاسییەکان لەم قۆناغە هەستیارەی مێژووی عیراقدا.

> ***"بەو پێیەی عیراق گەشەکردنی زیاتری بەخۆوە بینیوە لە بواری بەدەستهێنانەوەی پێگەی شایستەی خۆی لە ناو وڵاتاندا، ئێستا هەتتا لە جاران زیاتر گرنگە کە سەرکردەکانی هەموو لایەنەکان دەست لەناو دەست کاربکەن بۆ نەهێشتنی جیاوازییەکانیان و گەشەدان بە متمانە و لێبوردەیی"***
>
> ***نوێنەری تایبەتیی سکرتێری گشتی بۆ عیراق بەڕێز مارتن کۆبلەر***

# نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان مارتن کۆبلەر هۆشداری سەبارەت بەکەمگرتنی ئەرکی لەپێش دەدات



نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان مارتن کۆبلەر لە ٦ی کانونی یەکەمی ٢٠١١ پوختەیەك پێشکەش بە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات (وێنە: نەتەوە یەکگرتووەکان)

لە کاتی پێشکەشکردنی راپۆرتەکەی بان کی مۆنی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە چالاکییەکانی نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاریکردنی عیراق (یونامی )، نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بەڕێز مارتن کۆبلەر وتی "بەو پێیەی عیراق گەشەکردنی زیاتری بەخۆوە بینیوە لە بواری بەدەستهێنانەوەی پێگەی شایستەی خۆی لە ناو وڵاتاندا، ئێستا هەتتا لە جاران زیاتر گرنگە کە سەرکردەکانی هەموو لایەنەکان دەست لەناو دەست کاربکەن بۆ نەهێشتنی جیاوازییەکانیان و گەشەدان بە متمانە و لێبوردەیی".

لەگەڵ دەربڕینی ئەوەش کە پاشەکشەی هێزەکانی ئەمریکا لە عیراق هەلی ئەوە بۆ عیراقییەکان دەڕەخسێنێت کە خۆیان بە خۆیان بسەلمێنن کە دەتوانن ئایندەیەکی سەقامگیر و باشتر دروست بکەن، کۆبلەر ئەوەشی خستەڕوو کە "ئەو ئەرکەی لە پێشمان ماوە نابێت نادیدە بگیرێت و بگرە لە بورای ئاسایشدا پێویستی بە پێشکەوتنی زیاتریش هەیە".

ئەمە یەکەم پێشکەشکردنی پوختەی بەڕێز کۆبلەر بوو لەوەتی وەك سەرۆکی (یونامی ) لە تشرینی دووەمی ٢٠١١ دەستبەکاربووە. لە ماوەی دوو مانگی دەستبەکاربوونیشی، ئەو بەڕێزە سەردانی وڵات و هەرێمی کردووە و بەچاوی خۆشی گۆڕانگاری و پێشڤەچوونێکی زۆری بینیوە و ئەمەشی بە ئەنجومەنی ئاسایشی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان راگەیاندووە.

بەڕێز کۆبلەر وتیشی "سەرەڕای چەندان بەربەست کە لەبەر دەمماندایە، بەڵام هێشتاش رێژەیەکی زۆر لە نیازپاکی و شێلگیربوون بۆ بەدەستهێنانی پێشکەوتنی زیاتر هەیە". ئەو زیاتریش وتی "هێشتا من لەوباوەڕەدام کە هەندێك لەو تەحەددییە بەپەلانەی دوێنێ ئەمڕۆش خۆیان دەمێننەوە".

موێنەری تایبەت لە وتارەکەیدا بە زەقی گرنگیی پاشەکشەی هێزەکانی ئەمریکای لە عیراق بۆ عیراق و خەڵکەکەی و نەتەوە یەکگرتووەکان و چالاکییەکانی نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاریکردنی عیراق (یونامی ) لەسەر ئەرزی واقیع لە بوارەکانی پشتگیریی هەڵبژاردن و مافەکانی مرۆڤ و پەرەپێدان خستەڕوو. ئەو هەروەها کاریگەریی رووداوە تەشەنەکردووەکانی هەرێمی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشی لەسەر عیراق دووپاتکردەوە بە دۆخی نێوان عیراق و کوەیتیشەوە.

لەوتارەکەی بۆ (ئەنجومەن)، بەڕێزی پوختەیەکیشی لەسەر (کەمپی ئەشڕەف) پێشکەش کرد کە بووەتە مایەی "داگیرکردنی پانتاییەکی زۆری سەرنج و هەوڵەکانی (یونامی ) و کۆمیسیاریای باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەنابەران (UNHCR) لەم مانگانەی دواییدا". ئەو تکای لە حکومەتی عیراقیش کرد کە دواکاتی ٣١ی کانونی یەکەم درێژ بکاتەوە بۆ ئەوەی کات و ماوەی تەواو بۆ چارەسەرێکی درێژخایەن و ئاشتییانە بۆ دۆخی کەمپی ئەشڕەف دەستەبەر بکات".

## پشتگیریی هەڵبژاردن

# یونامی راوێژ پێشکەشی پەرلەمان دەکات بۆ دەستنیشانکردنی کۆمیسیارانی هەڵبژاردن

وەك بەشێك لە هەوڵەکانی بۆ یارمەتیدانی عیراقییەکان بۆ دروستکردنی کۆمەڵگایەك کە تەواوی دەزگایەکانی دیموکراتی بن، یەکێك لە ئەرکە لەپێشینەکانی یونامی پەرەپێدانی دەزگایەکی هەڵبژاردنی سەربەخۆ و پیشەوەر و بەردەوامە کە بتوانێت هەڵبژاردن بە شێوەیەکی واڵایانە و پیشەوەرانە ئەنجام بدات. بەدەستهێنانی ئەم ئامانجە، کە هەرچەندە بێ گرێوگوڵ نییە، نەك هەر لەبەرژەوەندی پارتە سیاسییەکانی عیراقە بەڵکوو لە بەرژەوندیی تەواوی خەڵکیشە.

ئەرکەی پێسپێردراو(ماندێت)ەکەی (دەستەی کۆمیسیاران)ی ئێستای (کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان)، کە سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٩ و ٢٠١٠ی کرد، لە مانگی نیسانی ٢٠١٢ کۆتایی دێت. پاڵپشت بە ماددەی ١٠٢ی دەستووری عیراق و یاسای ژمارە ٢٠٠٧/١١یش، یەکێك لە چەمکە سەرەکییەکانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی کۆمیسیاران دامەزراندنییەتی لەسەر پرۆسەیەکی پڕڕکەبەر و کراوە و بێخەوش. یونامی ئێستا ئامۆژگاری (لێژنەی شارەزایان)ی ئەنجومەنی نوێنەران دەکات بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردنەکە و لەمبارەشەوە بەڕێز خۆزێ ماریا ئارانازی گەورە راوێژکاری یونامی بۆ هەڵبژاردن ئەوەی بۆ لێژنەکە دووپات کردەوە کە "پرۆسەیەکی واڵای لەسەر بنەمای لێهاتوویی پیشەوەری دامەزراو بەردی بناغەی بڕواپێبوونە بۆ هەر هەڵبژادنێکی دادێت لە عیراقدا."

لەیەکەم قۆناغی پرۆسەی هەڵبژاردنەکەش،



لیژنەی شارەزایانی عیراقی پێداچوونەوە بۆ ئەو داواکارییانە دەکات بۆ ئەنجومەنی کۆمیسیارانی نوێی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عیراق پێشکەشکراون. گەورە راوێژکاری هەڵبژاردن لە یونامی خۆزێ ماریا ئاراناز یارمەتیی گفتەگۆکانی لیژنەکە دەدات. (وێنەی یونامی)

شارەزایانی لێژنەکە بە زیاتر لە ٧٠٠٠ فۆرمی دواکاریی دامەزراندنی پۆستەکانی کۆمیسارەکاندا چوونەوە و لەسەر بنەمای پێوەری توندی یاسای بەڕێوەبردنی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانیش هەموو داواکارییەکانیان بە وردی پشکنی. (لیژنە) کەش، وەك بەشێك لە پابەندییەکەی بۆ واڵایی و بەهاندانی یونامی، پێوەرەکانی هەڵبژاردنی بڵاوکردەوە و پرۆسەکەشی خستەر بەردەم چاودێریی رێکخراوە ناحکومییەکان کە ١٨ەیان بۆ چاودێریکردنی پرۆسەکە بانگهێشت کراون.

لەم چەپکە داواکارییانەدا زیاتر لە ٤٤٠٠ بەربژاری لێرابینراو(پێشبینیکراو) چاوەڕێی ئەوەیان لێدەکرێت کە پێوەرەکانیان بنەڕەتییەکانیان بەپێی تێڕوانینی (لیژنەی شارەزایان). داواکارییەکانیان بڕیاری ئەوەیان لێدراوە ئەو پێداویستییە ئەکادیمی و پیشەییانەیان تێدا بێت کە پێویستن بۆ بوون بە کۆمیساری کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان. شارەزایانی هەڵبژاردن کە لەگەڵ (یونامی) دا کار دەکەن زۆر جار بە درێژایی پرۆسە دووقۆناغییەکە ئامۆژگاریی زۆر گرنگ دەدەنە (لێژنەی شارەزایان) و هانیشی دەدەن بۆ بەرەوپێشچوونی خێرا بۆ ئەوەی لەگەڵ دواکاتی مانگی نیسان کارەکە تەواو بکەن و هیچ دواکەوتنێکیش لە ساڵنامەی ئەو هەڵبژاردنانەی کە لە پێشمانن، بەوانەی کوردستان (مانگی ئەیلول) و هەڵبژاردنەکانی پارێزگاکانی سەرتاسەری عیراقیشەوە (کانونی دووەمی ٢٠١٣)، روونەدات.

لە پێناو دروستکردن و بەهێزکردنی متمانە و بڕواپێبوونیش، لێژنەی شارەزایان هەموو هەفتەیەك چالاکییەکانی خۆی لەسەر ماڵپەڕی ئەنجومەنی نوێنەران دادەنێت. لەبەرامبەریشدا، (یونامی) ئامۆژگاریی ئەنجومەنی نوێنەرانی کردووە بۆ پتەوکردنی پابەندیی خۆی بە واڵایی بە دانانی (میکانیزمی سکاڵا تۆمارکردن) لەلایەن ئەو داواکارانەی کە دەیانەوێ تانە بدەن لە شایستەنەبوونیان بە پێوەرەکانی دەستنیشانکردن.

وێڕای پاڵپشتیکردنی هەوڵەکانی دامەزراندنی (ئەنجومەنی کۆمیسیاران)ی تازە، ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانی وەك رێکخراوی (UNDP) و (UNOPS) بە سەرکردایەتیی یونامی بەردەوامبوون لە یارمەتیدانی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە بواری تواناسازیدا. ئەو رێکخراوانە دەستنیشانکردنی خاڵە بەهێز و لاوازە رێکخراوەییەکانی (کۆمیسیۆن)یان دەستنیشانکرد بەمەبەستی دامەزراندنی دەزگایەکی هەڵبژاردنی پیشەوەر و بەردەوام کە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان داهاتوو ئامادە بێت.. (یونامی) بەردەوامیشە لە پشکەشکردنی هاوکاریی تەکنۆلۆژیی زانیاری بە (کۆمیسیۆن) لەرێگەی ئەنجامدانی سەکۆیکاری راهێنان لەسەر تەکنۆلۆژیی سۆفتوێر و بەڕێوەبردنی داتابێس بۆ کارمەندانی (کۆمیسیۆن)ەکە.

ئەم هەنگاوانە یارمەتی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانیاندا لەسەر دەستبەرکردنی خۆبژوێنی و دڵنیابوون لە ئامادەیی هەرێمی کوردستان بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی پارێزگاکان. دەنگدەران لە ٣ پارێزگایەکەی هەرێمی کوردستان لە ٢٧ی ئەیلولی ٢٠١٢دا دەچنە دەنگدان. یونامی لەگەڵ کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان (IHEC) بەئاواتەوەن بەردەوام دەزگا هەڵبژاردنەکانی عیراق بەهێزبکەن بۆ ئەوەی خەڵکی عیراقیش بتوانن لە هەڵبژاردنی ئازاد و رەوا و بێگەردا بەشداری بکەن کە ئەمەش بەردی بناغەی دیموکراسییە.



سەرۆکی لیژنەی شارەزایانی عیراقی علی علاق بۆ رۆژنامەنوسان دەدوێ لەبارەی پێشڤەچوون لە دەستنیشانکردنی ئەنجومەنی کۆمیسیارانی نوێی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عیراق. (وێنەی یونامی)

# پلانی کاری مافەکانی مرۆڤ بۆ هەرێمی کوردستان



بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە فەلاح مستەفا بەکر لەکاتی راگەیاندنەکە (وێنە: سالار بریفکانی / نوسینگەی راگەیاندنی یونامی)

بە ئامادەبوونی بەرپرسە باڵاکانی حکومەت و کۆمەڵگای مەدەنی و کۆمەڵگەی دیپلۆماسی و نوێنەرانی راگەیاندن، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ١٠ی کانونی دوووەمی ٢٠١٢دا (پلانی کاری مافی مرۆڤ)ی بۆ هەرێمی کوردستان لە هەولێر راگەیاند. ئەمە پابەندیی حکومەت بۆ جێبەجێکردنی چاکسازییە سەرەکییەکانی ساڵەکانی ٢٠١٢-٢٠١٤ لەخۆدەگرێت بەمەبەستی پاراستن و گەشەدان بە مافەکانی هەموو ئەو خەڵکانەی کە لە هەرێمی کوردستاندا دەژیەن.

چالاکییەکە کۆتایی بەو راوێژپێکردنە دورودرێژ و گشتگرە هێنا کە لە مانگەکانی تەموز و کانونی یەکەم لەنێوان حکومەت و شارەزایان و نوێنەرانی کۆمەڵگەی مەدەنی ئەنجامدرابوو سەبارەت بە بوارە سەرباسییە سەرەکییەکانی وەك سەروەریی یاسا و سزا و گرتن و مافەکانی ژنان و مافەکانی منداڵان و ئازادیی رادەربڕین و ئازادی راگەیاندن و خەڵکی بێدەرامەتی وەك پەککەوتەکان و ئاوارە ناوخۆییەکان.

(پلانی کاری هەرێمیی مافی مرۆڤ)، بە تێکهەلکێشکردنی لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی هەرێمەکە، چەند هەنگاوێکی پتەو دەخاتەڕوو بۆ ئەوەی جیبەجێ بکرێن. ئەم هەنگاوانە کەموکوڕییەکانی ئێستا لەسەر ئاستی یاسایی و شێوازی و دەزگایی تاوتوێ دەکەن لەسەر بنەمای راسپاردەکانی (پێداچوونەوەی دەوریی جیهانی بۆ عیراق) لەلایەن (ئەنجومەنی مافەکانی مرۆڤ)ەوە لە ٢٠١٠دا.

لە وتارەکەی بۆ جەماوەری ئامادەبووی راگەیاندنی (پلانی کارە)ەکە، نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان مارتن کۆبلەر وتی ”هیچ وڵاتێك نییە بێ کەموکوڕی بێت و هێشتاش کۆمەڵێ گیروگرفت لەسەر رێی هەرێمەکە ماون“. ئەو زیاتر وتیشی ”بەڵام ئەگەر گیانی هاوکاری لە پرۆسەی (پلانی کاری هەرێمیی مافی مرۆڤ)دا بەردەوام بێت ئەوە دەکرێت ئەم پرسانە چارەسەر بکرێن. وتەکانی داننان بوون بەو پێشڤەچوونە بەرچاوانەی کە لە دۆخی مافی مرۆڤدا لە هەرێمی کوردستان بەدی هاتوون لەگەڵ گرنگیی پەرەدان بە گفتوگۆ بۆ تاوتوێکردنی تەحەدییە هەنوکەییەکان بەتایبەتیش لەنێوان گەنج و کۆمەڵگەی مەدەنیدا.

فەلاح مستەفا بەکری بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەش پێزانینی خۆی بۆ فرانسیکۆ مۆتای سەرۆکی بەشی مافی مرۆڤی یونامی دەربڕی کە لەهەمانکاتدا نوێنەری نوسینگەی کۆمیساریای مافەکانی مرۆڤیشە لەگەڵ دەربڕینی سوپاسیش بۆ کارمەندەکانی ئەو نوسینگەیە بۆ پشتگیری لۆژیستی و تەکنیکییان بەدرێژایی پرۆسەی گەڵاڵەکردنەکە.

هەر بە راگەیاندنی فەرمیی (پلانی کاری مافەکانی مرۆڤ بۆ هەرێمی کوردستان)یش، ئێستا تەرکیزەکە دەچێتە سەر جێبەجێ کردنەکەی بۆ ئەوەی وشەکان بە رێکوپێکی بچنە بواری کردەنییەوە. چاوەروانییەکانی خەڵك زۆرن.دەستە حکومی و ناحکومییەکان پێشتر نیازی خۆیان دەربڕی بوو بۆ ئەوەی ببنە بەشێك لە لێژنەی چاودێریکردن بۆ چاودێریکردنی پێشکەوتن لە جێبەجێکردنی(پلانی کار)ەکە و بەرپرسیارکردنی دەسەڵاتەکان لە جێبەکردنی پابەندییەکانیان سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ.

نوسینگەی مافی مرۆڤی یونامیش بە درێژایی پرۆسەکە پابەندە بە پێشکەشکردنی راوێژ و یارمەتیی تەکنیکی و داکۆکیکردن لە تەرخانکردنی سەرچاوەی تەواو بۆ جێبەجێکردنی (پلانی کار)ەکە.



تیمی مافی مرۆڤی یونامی لەکاتی راگەیاندنی چالاکییەکە (وێنە: سالار بریفکانی / نوسینگەی راگەیاندنی یونامی)



کۆمەڵەکانی کارکردن لەکاتی ئامادەکارییەکان بۆ پلانی کاری مافی مرۆڤ بۆ هەرێمی کوردستان (وێنە: سالار بریفکانی /بەشی راگەیاندنی یونامی)



تیمی مافی مرۆڤی یونامی لەکاتی راگەیاندنی چالاکییەکە (وێنە: سالار بریفکانی / نوسینگەی راگەیاندنی یونامی)

# یونیدۆ هاوبەشکاریی لەگەڵ بازرگان و بانکەکانی عیراق دەکات بۆ بەرەوپێشبردنی پەرەپێدانی پرۆژە

نوسینی :یگۆر سکارشیا و گورێل گورکان /یونیدۆی عیراق




12 گەورە بەڕێوەبەر و جێبەجێکاری بانکەکانی عیراق و ڕێکخراوە قەرزدەرەکان بەشدارییان کرد لە ڕاهێنانێك کە یونیدۆ لەسەر جێبەجێکردنەکانی پرۆژەی بچووك و مامناوەند لە بەیروتی پایتەختی لوبنان لە کانونی یەکەمی ٢٠١١ ڕێکی خستبوو (وێنە: یونیدۆ)

ئابووریی عیراق لەم چەند ساڵەی دواییدا گەشەکردنی بەخۆوە بینیوە. بەڵام کەرتی نەوت و ئەو پرۆژانەی کە دەوڵەت خاوندارییان دەکات تا ئێستاش بەسەر ئابووریدا زاڵن. بۆ جۆراوجۆرکردنی ئابووری، حکومەتی عیراق، بە هاوکاریی ڕێکخراوە جیهانییەکان لە هەوڵی بوژاندنەوەی کەرتی تایبەتدایە بە قورسایی خستنەسەر دروستکردنی هەلی بەکاربردن. بە پێی ئەم کارەلەپێشینەش، پرۆژە بچووك و مامناوەندەکان، کە بۆ ڕەخساندنی هەلی بەکارخستن و گەشەپێدانی ئابوری لە چەندان وڵاتی پێشکەوتوو و تازەپێگەیشتوودا پاڵنەری پێشەنگن، بایەخێکی زۆریان لەلایەن ڕێکخراوی (یونیدۆ)وە پێدەدرێت. گەشەپێدانی ئەمانە ڕەخساندنی هەلی داهات بەهێز دەکات و لە هەوڵەکانی کەمکردنەوەی هەژاریش دەوری دەبێت.

هەر بۆیە ڕێکخراوی (یونیدۆ) لە ساڵی ٢٠٠٧ەوە لە بەغداد و زیقاڕ و هەولێر کارە دەکات بۆ پشتگیریکردن لە حکومەتی عیراق و ئەو بازرگانە بەهەڵمەتانەی کە مەبەستیان ڕەخساندنی (هەلی کار) و گەشەپێدانی پرۆژەکانی عیراقە. هەر لەڕێگەی ئەم ڕێکخراوەشەوە بنکەکانی گەشەپێدانی پرۆژە لە ناو دەزگا گشتییەکانی ئەم پارێزگایانەی سەرەوەی عیراق لەسەر بنەمای هاوبەشکاری لە تێچوون دروست بوون.

ئەم بنکانە خولی ڕاهێنان لەسەر بەڕێوەبردنی پرۆژە و خزمەتی ڕاوێژکاریی و ئامۆژگاریی ڕووبەڕووانەی کارر ئەنجام دەدەن لەگەڵ پشتگیریکردن لە گەشەپێدانی وەبەرهێنان بۆ بازرگانە عیراقییەکان. ئا بەم شێوەش، ئەم بنکانە دبنە مایەی دروستکردن یان بەهێزکردنی زیاتر لە ١٨٠ پرۆژەی عیراقی.

لەسەرتای ساڵی ٢٠١٢ و وەك بەشێكیش لە پرۆژەی (گەشەپێدانی پرۆژە لە ڕێگەی تەکنۆلۆژیای پەیوەندی و زانیاری)یەوە، ڕێکخراوای (یونیدۆ) و بنکەکانی گەشەپێدانی پرۆژە خولی فێربوونی ئەلیکترۆنی لەسەر بەڕێوەبردنی پرۆژە بۆ بازرگانانی عیراق دەخەنە پاڵ ئەم ئەم خزمەتانە کە دارایيەکەی لەلایەن (هاوکاریی ئیتالی بۆ گەشەپێدان)ەوە دابینکراوە.



٨ بازرگانی بەهەڵمەتی عیراقی بەشدارییان لە لێکۆڵینەوەیەك کرد لەسەر پێشانگای خۆراك و خواردنەوەی (FoodIST) کە ڕێکخراوی (یونیدۆ) لە ئەستەنبوڵی تورکیا لە مانگی کانونی یەکەمی ٢٠١١ ڕێکی خستبوو (وێنە:یونیدۆ)

## بازرگانە عیراقییەکان بەشداری لە پێشانگایەکی خۆراك و خواردنەوەدا دەکەن

٨ پیاوکاری عیراقی لە پارێزگاکانی زیقاڕ و هەولێر لە ٨-١١ کانونی یەکەمی ٢٠١١ بەشدارییان لە پێشانگایەکی خۆراك و خواردنەوە (FoodIST) لە شاری ئەستەمبوڵی تورکیا کرد وەك بەشێك لە گەشەپێدانی ئەو خزمەتە وەبەرهێنانەی کە لەڕێگەی پرۆژەی (گەشەپێدانی وەبەرهێنان بۆ عیراق)ی ڕێکخراوی (یونیدۆ) وە خرابووە بەردەم بازرگانانی عیراق لەسەر ئەرکی دارایی (هاوکاریی ئیتالی بۆ گەشەپێدان).

FoodIST چالاکییەکی ساڵانەیە کە چەندان کۆمپانیای جۆراوجۆری چالاك لە چەندان بەشی کەرتی خۆراك و خواردنەوە بەیەکەوە کۆدەکاتەوە بە مەبەستی ئاسانکردنی دەستگەیشتن بە بازاڕ و هەندێ شێوازی تری هاوبەشکاری لەڕێگەی نمایشکردنی بەرهەمەکان و تەکنۆلۆژیاکانی دروستکردنەوە.

بەشدارانی ئەو پێشانگایە هەلیان بۆ ڕەخسا کە زانیاری لەسەر جێبەجێکردنەکانی کەرتی خۆراك و خواردنەوە بەدەستبێنن بۆ کەوتنەگەڵ کۆمپانیا بەشدارەکان و ئەنجامدانی کۆبوونەوەی دووقۆڵی بۆ تاوتوێکردنی هەلە هاوبەشکارییە تۆکمەکان. شایانی باسە، لەم چالاکییەدا، بەهۆی یارمەتی تەکنیکی و ئاسانکاریی (یونیدۆ)وە، ٧٥ کۆبوونەوەی دووقۆڵی لەنێوان بەشدارە عیراقییەکان و کۆمپانیا بیانییەکاندا ئەنجامدرا.

دوای پێشانگایەکەش، ڕێکخراوی (یونیدۆ) هەر

## پەرەپێدانی ئابووری

بەردەوام دەبێت لە پێشکەشکردنی پشتگیریی تەکنیکی بۆ بەشداران بۆ ئاسانکردنی دامەزراندنی هاوبەشکاری لەشێوەی چالاکیی هاوبەش و گەیشتن بە بازاڕ و گواستنەوەی تەکنۆلۆژی کە ئەمەش بەشدارییەکی باش لە گەشەپێدانی پرۆژەی تایبەت بە عیراق دەکات.

**مەشقپێکردنی بەڕێوەبەرانی بانکە عیراقییەکان لەسەر پێدانی قەرز بە پرۆژەی بچووك و مامناوەندی**

سیستمێکی گشتگری بانکی و قەرزپێدان کە بە باشی کاربکات زۆر گرنگە بۆ دروستکردن و بەرزکردنەوەی ئاستی پرۆژەی بچووك و مامناوەندی (small- and medium-sized enterprises / SMEs). پێویستیی پرۆژەکان بۆ داراییکردن جیاوازە لە هیی مەعمیلەکانی تری بانك، وەك دامەزراوەکان، بۆیە هۆشیاریی قەرزدەرەکان دەربارەی ئەم پێویستییانە زۆر گرنگە بۆ پەرەپێدان و جێبەجێکردنی ئەو سیاسەت و مامەڵەکردنانەی تایبەتن بە پرۆژەکان و پەرەپێدانیان.

یونیدۆ لە ١١ تا ١٥ی کانوونی دووەمی ٢٠١١ خۆلێکی ڕاهێنانی پێنج ڕۆژیی لە بەیروتی پایتەختی لوبنان سازکرد کە ئامانجی بەرزکردنەوەی هۆشیارییە دەربارەی ئەو پێویستییانە لە عیراق. چالاکییەکە بەشێك بوو لە ڕرۆژەی "پەرەپێدانی وەبەرهێنان بۆ عیراق (Investment Promotion for Iraq (IPI"ی یونیدۆ بە دارایی (هاوکاریی ئیتالی بۆ پەرەپێدان). لە چالاکییەکەدا گەورە بەڕێوەبەران و جێبەجێکارانی ١١ بانکی ئەهلی و حکومی و ڕێکخراوی پێشەنگی دارایی هەندەکی بەیەکگەیشتن.

شارەزایانی یونیدۆ ڕاهێنانیان پێشکەشکرد لەبارەی باشترین جێبەجێکردنی قەرزپێدانی پرۆژەی بچوك و مامناوەندی (SME) بۆ بەهێزکردنی تواناکانی بەشداران و وتنەوەی بابەت لەسەر سیاسەت و جێبەجێکردنەکان و چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ پێداویستییە داراییەکانی پرۆژەکان تایبەتە عیراقییەکان. بەشداران هاندران تێڕوانین و ئەزموونەکانی خۆیان بۆ یەکتر باسبکەن و گفتوگۆ لەسەر ئەوە بکەن چۆن سەرکەوتووانە لەگەڵ پرۆژە تایبەتە عیراقییەکان خەریك بن. کۆبهوونەوەکە بووە مایەی دامەزراندنی تۆڕێکی کاتیی نیشتیمانیی SME بۆ ڕابەریکردنی ڕێکخراوەکان لەپێناو ئاڵوگۆڕی زانیاری و باشترین جێبەجێکردنەکان. هیواش وایە کە ڕاهێنانەکە کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر ڕابەریکردنی SME لە چەند مانگی داهاتوودا هەبێت و بەمەش پرۆژە تایبەتە عیراقییەکان پەرەپێبدا.

لە ناوەڕاستی ٢٠١٢ ڕاهێنانێکی تری بەدواداچوون سازدەکرێت بۆ پشتگیریکردنی زیاتری دەزگا بەشدارەکان و بەشدارکردنی ڕێکخراوی تری هاوشێوەش.

بۆ زانیاریی زیاتر، تکایە پەیوەندی بکە بە شارەزای یەپێدانی وەبەرهێنان لە یونیدۆ یگۆر سکارشیا بە ئیمەیلی y.scarcia@unido.org یان شیکەرەوەی بەرنامە لە یونیدۆ گورێل گورکان بە ئیمەیلی g.gurkan@unido.org.

## چیرۆك

# چیرۆکی ئاسنگەرێکی عیراقی



بازرگانە بەهەڵمەتە عیراقییەکان پشتگیریی تەکنیکی لە بنکەی پرۆژەی گەشەپێدانی یونیدۆ لە بەغداد و زیقاڕ و هەولێر وەردەگرن (وێنە: یونیدۆ)

پیاوێکی خۆپێگەیەنەری وەك بەڕێز عیماد حەمدی عەبباس (خەڵکی بەغداد) ناچاربوو دوای قۆناغی ناوەندی قوتابخانە جێبهێڵێت. ئەو بۆ دابینکردنی بژێوی خێزانەکەی چەند ساڵێك لە کارگەیەکی گەورەی پێستەخۆشکردن لە بەغداد کاری کرد.

هەرچەندە ئەو رابردوودا هەوڵیدابوو لە ماڵەکەی خۆی شوێنێکی پێستەخۆشکردن دروست بکات بۆ بەرهەمهێنانی پێستەی مەڕ، بەڵام ناچاربوو دایبخات بەهۆی بە لێشاو هاتنی هاوردەی هەرزان. لە دواجار ئەم حەزە بازرگانییەی بردیە (بنکەی گەشەپێدانی پرۆژەی یونیدۆ) لە بەغداد و لەوێش بەشداریی لە خۆلێکی ڕاهێنان لەسەر شارەزایی بازرگانی کرد.

دوای تەواوکردنی خولەکە، بەڕێز عەبباس ئامادەی دانیشتنە ڕووبەڕوویەکان دەبوو لەسەر ڕاوێژی کار. سەرەتا بیری لە دامەزراندنی کارگەیەکی هاوچەرخی پێستەخۆشکردن دەکردەوە بەڵام لە پڕ و دوای ئەنجامدانی شیکارێکی سەرەتایی لەسەر بازاڕ بەیارمەتیی شارەزایانی بنکەکەی یونیدۆ بڕیارەکەی بۆ ئاسنگەری گۆڕی.

شارەزایانی ئەم (بنکە)یە یارمەتییاندا لە گەڵاڵەکردنی پلانی کارەکەی و چۆنیەتی وەرگرتنی قەرز و متمانە لە بانك. ئەو لە ئەنجامدا سەرکەوتوو بوو لە وەرگرتنی قەرزێکی بانکی و هەروەها لە بەدیهێنانی بیرۆکەی دامەزراندنی کارەکەی وەك ئاسنگەر. ئێستا ئەو ٨ کەسی بەکارخستووە بەڵام هەر پابەندیشە بە وەرگرتنی پشتگیریی زیاتر لەو (بنکە)یە بۆ زیاتر پەرەدان بەکارەکەی.

# قۆناغێگی گرنگ لە داراییدابینکردن بۆ چاودێریی تەندروستی لە عیراق

نوسینی: روبا حیکمەت/ رێکخراوی تەندروستیی جیهانی



نەخۆشەکان پارەی خزمەتی پزیشکی دەدەن لە بنکەیەکی سەرەتایی چاودێریی تەندروستی (وێنە:وەزارەتی تەندروستی)

ئەو راگوزاری دیموگرافییە و نەخۆشی کۆنترۆڵکردنەی ئێستای عیراق بوونەتە مایەی دروستکردنی بەربەستی زیاتر بۆ سیستەمی تەندروستی لە عیراق لەرووی قورسایی دووچەندانەی بەڕێوەبردنی نەخۆشییە درمی و نادرمییەکان و گونجاندنی دابینکردنی خزمەتەکان و سەرچاوە مرۆییەکان بۆ ئەو پێویستییانەی کە سەرهەڵدەدەن و هەروەها بۆ پێشبینییە زۆرەکانیش لەسەر زیادبوونی دانیشتوان. بەهۆی تاراددەیەك سنورداربونی سەرچاوە داراییەکان و زیادبوونی تێچونی چاودێریشەوە، دابینکردنی بەردەستبونی جیهانییانەی خزمەتە تەندروستییەکان هەر بە مایەی نیگەرانی زۆر بۆ حکومەتی عیراق دەمێنێتەوە.

لە ماوەی ئەم ٧ ساڵی رابردووشدا هەوڵێکی زۆر هەبووە بۆ بەهێزکردنەوەی دامەزراندنەوە و پەرەپێدانی گشتگر لە زۆربەی کەرتەکاندا بە کەرتی تەندروستیشەوە. بۆ باشکردنی ئەدای سەرتاسەریی سیستەمی تەندروستی، وەزارەتی تەندروستیی عیراق، بە یارمەتی رێکخراوی تەندروستیی جیهانی، دەستی کەوتە پشکنینی کارکردنەکانی سیستەمی تەندروستی، بە داراییدابینکردنی چاودێریی تەندروستیشەوە، لەپێناو باشکردنی تەندروستی و کەمکردنەوەی نایەکسانییەکانی تەندروستی و دەستبەرکردنی یەکسانی لە دابینکردنی دارایی و بەدەنگەوەچوونی پێویستی و پێشبینییەکانی دانیشتوان.

چەند پارە بۆ تەندروستی لە عیراق خەرج کراوە؟ پارە بۆ تەندروستی لە کوێوە دێت؟ کێ سەرچاوەکان بەڕێوە دبات؟ ئەمانە هەندێك لەو پرسیارانەن کە پێویستییان بە وەڵامی بەڵگەدار هەیە. بۆیە رێکخراوی تەندروستیی جیهانی، بەهاوکاری لەگەڵ وەزارەتەکانی دارایی و پلاندانان و هاوکاریی پەرەپێدان و رێکخراوی ئاماری ناوەندی و تکنۆلۆژیی زانیاری و کەرتی تایبەت دەستیان بە ئەنجامدانی چەندان لێکۆڵینەوە و رووپێوی پەیوەست بە داراییدابینکردنی چاودێریی تەندروستی کرد. ئەوان سیستەمێکی شیکاریی بەهێزی وەك (ئەکاونتی تەندروستیی نیشتمانی) پەیڕەو کرد، کە ئامرازێکی وەرگیراوی جیهانییە بۆ مەزەندەکردنی رەوتە ئابورییەکان لەسەرتاسەری سیستەمی تەندروستیدا.

ئەنجامەکانی راهێنانی (ئەکاونتی تەندروستیی نیشتمانی) لە مانگی کانونی یەکەمی ٢٠١١ راگەیەندران کە زۆر ئەنجامی گرنگیان لەخۆگرتبوو وەك خەرجکردنی ئاستی چاودێریی تەندروستی لە عیراق و داهاتی تاکە کەس و لەوکاتەش کە بەشی (تێکڕای بەرهەمی خۆماڵی) بە نزمتر لە وڵاتانی خاوەن هەمان داهاتدا دەمێنێتەوە. هێشتاش پێکهاتەی داراییکردنی چاودێریی تەندروستی ئاستێکی یەکسانیی رەوای نیشانداوە بە لەبەرچاوگرتنی باری سنورداری ماڵەکان کە تەنها چواریەکی تێکڕای لیستی حیسابی تەندروستییە.

بەشدارییەکانی حکومەتی عیراق بۆ چاودێریی داراییکردنی چاودێریی تەندروستی رەنگدانەوەی پابەندیی دەستووریی (دەوڵەت)ە بۆ دەستەبەرکردنی تەندروستی و ئاسایشی نیشتمانیی بۆ تاکەکان و خێزانەکان. حکومەت، لە رێگای وەزارەتی تەندروستییەوە، رووماڵی جیهانی لە رێگەی پاراستنی تەندروستیی کۆمەڵایەتییەوە




سەکۆیکارێك لەسەر داراییکردنی چاودێریی تەندروستی (وێنە:WHO)

دابین دەکات کە ئەمەش بۆ سیستەمی چاودێریی تەندروستیی عیراقی دەسکەوتێکی گرنگە.

بە شێوەیەکی گشتی، فەندەکانی تەندروستیی عیراقی بە شێوەیەکی سەرەکی بۆ چاودێریی چاکبوونەوەی نەخۆشییە (زیاتر لە ٣٧٪). بەشێکی بەرچاویش بە ڕێژەی ٣٦.٨٪یش بۆ مووچە و ئیدارەیە.

پێکهاتەی ئێستای چاودێریی تەندروستیی هەردوو وەزارەتی تەندروستی و خێزانەکان ڕێگە بە شیکاری پوختەکراو نادات بۆ سوودوەرگرتن لە سەرچاوە داراییەکانی ناو سیستەمی چاودێریی تەندروستی. بەم شێوەش،خەرجکردن بۆ هێزی کاری تەندروستی، وەك ڕێژەیەکی سەدی بودجەی نیشتمانی، هێشتاش بە هەمان ئاستی داهاتی هاوشێوە هەر لە وڵاتەکانی هەرێمەکە نزمترە، سەرەڕای جری بەرزتری هێزی کاری تەندروستیش.

(ئەکاونتی تەندروستیی نیشتمانی) بناغەیەکی پتەو بۆ حکومەتی عیراق دادەنێت بۆ بەڕێوەبردن و درێژەپێدانی سەرچاوە کەمەکانی کەرتی تەندروستی و هەروەها بۆ پێشکەشکردنی زانیاریی زیاتری پەیوەست بە دابینکردنی دارایی تەندروستیی پێویست بۆ پەرەپێدانی سیاسەتەکانی داراییکردنی چاودێریی تەندروستی. ئەنجامەکانی شیکارەکانی (ئەکاونتی تەندروستیی نیشتمانی) کاریگەرییەکی گەورەیان دەبێت لەسەر داڕشتنی چاکسازیی سیاسەت لە بواری داراییکردن لە عیراقدا وەك باشکردنی بەڕێوەبردنی دارایی و ستراتیژەکانی بەربەستکردنی تێچوون و بیرکردنەوەی بەجێ بۆ بەکارهێنانی خزمەتە گشتییە خۆڕاییەکان و دەستکردن بە لێکۆڵینەوەی شیانی پەیوەست بە پەرەپێدانی سیستەمێکی پڕبەشداری بۆ دڵنیابوونی تەندروستی و کۆمەڵایەتی و پێشگر.

بۆ زانیاریی زیاتر تکایە پەیوەندی بکەن بە (د. عەقیلە نوری)ی بەرپرسی پزیشکی لە ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی بە ئیمەیلی: nooria@irq. emro.who.int




پۆلێنکردن بە گوێرەی ئەرکەکان. سەرچاوە: ڕاپۆرتی ٢٠٠٨ی ئەکاونتی تەندروستیی نیشتمانی

## جێندەر

# بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدان لە عیراق تێگەیشتن لە جێندەر لە نێوان هاوبەشکارە عیراقییەکاندا زیاد دەکات

نوسینی:بیسیان مەجید/ بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدان لە عیراق



بەشداران لە ڕاهێنانی جێندەریی ڕێکخراوی (UNDP) لە مانگی کانونی یەکەمی ٢٠١١ (وێنە:UNDP)

بەمەبەستی نەهێشتنی کەموکوڕی لە پلاندانان بۆ بابەتێکی هەستیاری وەك جێندەر و پێشکەشکردنی خزمەت لەسەر ئاستی نیشتمانی و بەهێزکردن و گەشەدان بە تێگەیشتنی باشتر بۆ جێندەر لەسەر ئاستی فیدرالی و هەرێمیدا ، ڕێکخراوی (UNDP)ی عیراق ڕاهێنانێکی ٣ هەفتەیی لەگەڵ هاوبەشکارە عیراقییەکان ئەنجامدا.

ڕاهێنانەکەی بەشی جێندەری ڕێکخراوی (UNDP)ی عیراق، کە لە مانگی کانونی دووەمی ٢٠١٢ وەك وەڵامێك بۆ ڕاوێژەکانی گەڵ وەزارەتی دەوڵەت بۆ کاروباری ژنان و ئەنجومەنی باڵای ژنان وەزارەتی دەوڵەت بۆ کاروباری پارێزگا ئەنجامدرا.

ڕێکخراوی (UNDP)ی عیراق پاکیجێکی ڕاهێنانی ئامادە کردبوو، کە تەرکیزی خستبووە

سەر عیراق، بۆ ڕاهێنانی بەرپرسانی حکومی و کارکەرانی مەدەنی و نوێنەرانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە هەولێر و سلێمانی و بابل و میسان و زیقاڕ و بەسرە.

ڕاهێنانەکە چەندان بواری لە ڕێگەی چاوی هەستیاری جێندەرەوە لەخۆگرتبوو وەك سەرکردایەتیکردن و گۆڕینی بەڕێوەبردن و تەندروستی و بەتواناکردنی ئابوری و پەروەردە و بودجەی وڵامدەرەوە بۆ جێندەر. هەروەها، ڕاهێنانی ڕاهێنەرانیش ئەنجامدرا بۆ پێکهێنان و دەستنیشانکردنی ئەندامەکان بۆ کۆمەڵی شارەزایانی عیراقی لەبواری جێندەرە.

بەشداران بەردەوامدەبن لەسەر پەیوەندیی سەرهێلی (online) و هەر بە گەڕانەوەشیان ڕاوێژکارانی جێندەری عیراقی نوسخەیەکی چڕکراوەی ڕاهێنانیان دایە هاوڕێیەکانیان.

ڕێکخراوی (UNDP)ی عیراق بەدوادادەچێت بۆ پشتگیریکردنی ئەم ڕاوێژکارانەی جێندەر لە دروستکردنی پلانی کار و ئەگەر پێویست بێت ڕاوێژیش پێشکەش دەکات.

بۆ زانیاریی زیاتر تکایە پەیوەندی بکەن بە خاتو ئانۆو بۆرێیی گەورە ڕاوێژکاری جێندەر لە ڕێکخراوی (UNDP)ی عیراق بە ئیمەیلی: anou.borrey@undp.org

پەرەپێدان

# تۆڕی جیهانیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عیراق: بۆ دەورێکی زیاتری کەرتی تایبەت لە پەرەپێدان

نوسینی: ئارونا ڕۆشانیان/ بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدان لە عیراق



یەکەم کۆبوونەوەی گشتیی (GCLN) لە بەغداد لە ١٧ی کانونی یەکەمی ٢٠١١. جێگیربوونی (نوێنەری تۆڕەپەیوەندی بە کۆی دەنگ (وێنە: UNDP)

(تۆڕەپەیوەندیی ناوخۆیی تۆکمەی جیهانیی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNGC) یەکسەر دەستی بەکارەکانی کرد بە دەستپێکردن لە ئامانجی سەرەتاییەوە بۆ بەرزکردنەوەی وشیاری سەبارەت بە دەستپێشخەریی (تۆڕ)ەکە لە کەوتنەگەڵ کۆمپانیا ناوخۆییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کە لە (تۆڕەپەیوەندیی عیراقی)یەکە ئەندامن.

(تۆڕی ناوخۆیی تۆکمەی جیهانیی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNGC) زنجیرەیەك سەکۆیکاری لەسەر ئاستی پارێزگا ئەنجامدا بۆ نمایشکردنی چالاکییەکانی (تۆڕ)ەکە بۆ دەسەڵاتی ناوخۆیی و کارەکان بەتایبەتیش لە بابل و بەسرە و ئەنبار و نەینەوا و هەولێر. سەکۆیکارەکان بە هاوکاریی چڕ لەگەڵ دەسەڵاتی ناوخۆیی و کۆمپانیاکان ئەنجامدران کە پشتگیری لە تێوەگلاندنی ژمارەیەکی زۆری نوێنەرانی کەرتی تایبەت و ڕێکخراوە ناحکومییەکانیان دەکرد بۆ بەشداریکردن لە (تۆڕەپەیوەندیی جیهانیی عیراقی)دا.

دانیشتنە زۆر ئاستبەرزەکانیش لەگەڵ بەرپرسانی حکومی پێشەکییەکی بەدواداهات کە لەلایەن سکرتاریەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە خرایەڕوو کە تێیدا ئامانجەکانی (تۆڕەپەیوەندیی ناوخۆیی تۆکمەی جیهانیی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNGC) پێشکەش کران و پشتگیری حکومەتیشی بۆ دەستپێشخەرییەکە خستەڕوو.

(نوێنەری تۆڕی عیراقی) و تیمەکە گرنگیی هاوبەشکارییان لە نێوان کەرتی تایبەت و گشتی زیاتر شیکردەوە و ئەوەشیان ڕوونکردەوە کە (تۆڕەپەیوەندیی جیهانی) دەتوانێت چی پێشکەش بە کارەکانی عیراقی بکات بۆ بەهێزکردنی هاوبەشکاری و هەروەها ئەوەش کە چۆن پلانی کار بۆ (تۆڕەپەیوەندی)ی تازەدامەزراو دەیەوێت دەوری کەرتی تایبەت لە پەرەپێدان لە ڕێگەی چالاکی تۆکمەوە بەهێزبکات.

سەکۆیکارەکە هەلی ئەوەی بۆ کۆمپانیاکان ڕەخساند کە بتوانن نیگەرانییەکان لە ناوخۆیاندا هاوبەش بکەن و تاوتوێی ئەو تەحەددییانەش بکەن کە ڕووبەڕووی کەشی ئێستای کار دەبنەوە . دەستپێشخەریی (تۆڕەپەیوەندیی ناوخۆیی تۆکمەی جیهانیی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNGC) وەك ئامرازێك بۆ تاوتوێکردنی ئەم نیگەرانییانە لەڕێگەی پەرەدان بە پێوەرەکانی هەڵسوڕاندنی کاری عیراقی بە دایەلۆگێکی سیستەماتیکی تایبەت و گشتیی دەستخۆشی لێکرا.

سەکۆیکارەکەی هەولێر تەرکیزێکی خستە سەر توانا زۆروزەوەندەکانی کەرتی تایبەت و بەرژەوەندیی (بەرپرسیاری کۆمەڵایەتیی دەستە) کە پێشتر لە هەرێمەکە هەبوو. وێڕای نمایش و تاوتوێکردنەکان لەنێوان نوێنەرە ناوخۆییەکان و تیمی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عیراق (تۆڕەپەیوەندیی ناوخۆیی تۆکمەی جیهانیی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNGC)، سەکۆیکارەکەی هەولێر بە ڕێککەوتنێك سەبارەت بە دروستکردنی نوسینگەیەکی کوردی بۆ (تۆڕەپەیوەندیی عیراقی) کۆتایی پێهات

## یەکەم کۆبوونەوەی گشتی و هەڵبژاردنەکانی تۆڕەپەیوەندییەکە

یەکەم کۆبوونەوەی گشتیی (تۆڕەپەیوەندیی ناوخۆیی تۆکمەی جیهانیی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNGC) لە سکرتاریەتی ئەنجومەنی وەزیران لە بەغداد لە ناوەڕاستی مانگی کانونی یەکەمی ٢٠١١ بەسترا بۆ ڕێککەوتن لەسەر پلانی کاری (تۆڕەپەیوەندیی عیراقی).

لەم کۆبوونەوەیە نزیکەی ٦٠ کەس ئامادە بوون کە نوێنەرایەتی کۆمپانیا تایبەتییەکان و ڕێکخراوە



دانیشتنی بەخێرهێنان لەلایەن ژووری بازرگانی هەولێری خانەخوێوە (وێنە: UNDP)

ناحکومییەکانیان لەسەرتاسەری عیراق دەکرد (بە بەسرە و ئەنبار و نەینەوا و نەجەف و بابل و دیالە و زیقار و دهۆك و هەولێریشەوە) لەگەڵ حکومەت و رێکخراوی (UNDP) و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و راگەیاندن. کۆبوونەوەکە هەلی ئەوەی بۆ ئەندامانی (تۆڕەپەیوەندیی ناوخۆیی عیراقی) رەخساند کە بتوانن کۆمپانیاکانیان بناسێنن و ئەوەش روون بکەنەوە کە بۆچی ئەوان چوونەتە ناو (کۆمپاکتی جیهانی)یەوە لەگەڵ تاوتوێکردنی برگە سەرەکییەکانی پلانی کارەکە. کۆمپانیا و رێکخراوە ناحکومییەکانیش پێشنیار و راسپاردەکانیان هاوبەشکرد بۆ گەشەدان بە (بەرپرسیاری کۆمەڵایەتیی دەستە)کە.

هەروەها کۆبوونەوەکە پێکهاتەی حوکمکردنیشی لە (تۆڕەپەیوەندیی عیراقی ) پێناسە کرد لە رێگەی هەڵبژاردنەکانەوە بۆ دانانی (نوێنەری تۆڕەپەیوەندی)یەکە ئەنجام دەدرێت (بەڕێز حەمید حیللی بە کۆی دەنگ جێگیر کرایەوە) لەگەڵ دروستکردنی (لێژنەی رابەری) ی هەمەپەیوەندار بۆ رێنمونیکردن و جێبەجێکردنی چالاکییەکانی (تۆڕەپەیوەندیی ناوخۆیی).

(کۆمیتەی رابەری) لە ٤ کۆمپانیا و ٢ رێکخراوی ناحکومی و کۆمەڵەیەکی کار و نوێنەرێکی ئەکادیمی لەگەڵ (نوێنەر) و دوو دەمڕاستی حکومەت و رێکخراوی (UNDP) پێکهاتووە لە ٣٠٪ ی ١١ ئەندامەکەی (لێژنە)کەش ئافرەتن. ئەندامەکانیشی بریتین لە نوێنەران لە بنکەی جوگرافی (کۆمپانیا و رێکخراوە ناحکومییەکانی بەغداد و بابل) و باکووری و لات (کۆمپانیایەك لە هەولێر) و باشووری وڵات (یەکییەتی کار لە بەسرە) لەگەڵ ئەکادیمییەك کە نوێنەرایەتی ئەنجومەنی کاری عیراقیش لەدەرەوە دەکات.

پلانی کارەکەش وەك بنەمایەك بۆ کاری (لێژنەی رابەری) لە ٢٠١٢ پەسندکرا. بوارە سەرەکییەکانی پەیوەست بە کاری (تۆڕەپەیوەندیی عیراق)ی لەلایەن ئەندامانەوە دەستنیشانکران وەك هەڵسەنگاندنی چوارچێوەی یاسایی و رێکخستن بۆ دستنیشانکردنی کەموکوڕی و بەربەستەکانی کاری بەرپرس بەتایبەتیش ئەوەی پەیوەندی هەیە بە گەندەڵی و پەرەپێدانی مافی مرۆڤ و بەتواناکردنی ژنان لە ناو جێبەجێکردنەکانی کاردا و بەرزکردنەوەی ئاستی وشیاری سەبارەت بە بەرپرسیاریی ئاکاریی کار و بەهێزکردنی توانای کۆمەڵگەی مەدەنی و راگەیاندن بۆ چاودێریکردنی هەڵسوکەوتی کەرتی تایبەت و دامەزراندنی دایەلۆگ و هاوبەشکاری لەگەڵ حکومەت و دەسەڵاتی ناوخۆیی بۆ دارشتنی سیاسەتی گشتی بۆ پشتگیریکردنی کاری بەرپرس.

بابەتێکی تر کە تاوتوێ کرا بریتی بو لە پێویستی بۆ بەهێزکردنی پەیوەندیگرتن و بەرزکردنەوەی ئاستی وشیاری. بەشداران دەستخۆشییان لە دەستپێشخەرییەکانی (سکرتاریەت) کرد و لەلایەن کۆمپانیا ئەندامە خۆبەخشەکانیشەوە پشتگیری لێکرا بۆ دروستکردنی نامێلکە (برۆشەر) و هەواڵنامە و ماڵپەرێکی تەرخانکراو بۆ (تۆڕەپەیوەندیی عیراقی)ی (تۆڕەپەیوەندیی ناوخۆیی تۆکمەی جیهانیی نەتەوە یەکگرتووەکان UNGC).

بۆ زانیاریی زیاتر تکایە پەیوەندی بکەن بە ئارۆنا رۆشانیان لە رێکخراوی (UNDP)ی عیراق لەسەر: arouna.roshanian@undp.org

## تەندروستی

# رێکخراوی تەندروستیی جیهانی سەلامەتیی نەخۆش لە عیراق باش دەکات



د. سەید جەعفەر حوسێنی نوێنەری رێکخراوی تەندروستیی جیهانی و د. حەمەد ئەمین مەجید لە وەزارەتی تەندروستی تاوتوێی بەهای بەشدارپێکردنی نەخوش لە سەلامەتیی نەخۆش لە عیراق دەکەن (وێنە: وەزارەتی تەندروستی)

نوسینی: روبا حیکمەت/ رێکخراوی تەندروستیی جیهانی

سەلامەتیی نەخۆش بریتییە لە نەبوونی ئەو زیانەی بە نەخۆش دەگات کە دەکرێت لە میانەی پرۆسەی چاودێریی تەندرستیدا پێشی لێبگیرێت. پەیڕەوەکانی سەلامەتیی نەخۆش بریتییە لە هەوڵە رێکوپێککراوەکان بۆ پێشگرتن لە هەر زیانێك کە بەهۆی خودی پرۆسەی چاودێریی تەندروستییەوە بە نەخۆشەکان بگات.

لەماوەی ١٠ ساڵی رابردوودا، سەلامەتیی نەخۆش بە زۆری وەك گرنگییەکی جیهانی ناسراوە. رێکخراوی تەندروستیی جیهانی (WHO) تائێستاش بەردەوامە لە پێشکەشکردنی پشتگیریی تەکنیکی بۆ وەزارەتی تەندروستیی عیراق بۆ گەڕان بەدوای تێڕوانینێکی جیهانیی گشتگر کە هەر نەخۆشێك پێویستە چاودێریی تەندروستیی سەلامەتی بۆ دابین بکرێت لە هەر کات و شوێنێکدا. سەلامەتیی نەخوش لە بەرنامە هاوبەشەکانی وەزارەتی تەندروستی و رێکخراوی تەندروستیی جیهانی (WHO)دا لەوپەڕی سەرلیستی دانراوە و پرۆژەیەکی پێشەنگیش بۆ بەهێزکردنی

## تەندروستی

کارپێکردنەکانی سەلامەتیی نەخۆش بە سەرکەوتووانە لە ٦ نەخوشخانەی پلەسێیەمی (٢٠٠٠ قەڵەوێڵە) لە کەرخ و رەسافەی بەغداد جێبەجێ کراوە. نەخوشخانەکانیش لەلایەن وەزارەتی تەندروستی و رێکخراوی تەندروستیی جیهانی (WHO)یەوە دەستنیشانکرابوون بەوپێیەی ئەوان خزمەتی پسپۆڕانە لە تەواوی بوارە سەرەکییەکانی وەك نەشتەرگەری و پزیشکی و نەخۆشییەکانی ژنان و پزیشکیی منداڵبوون پێشکەش دەکەن و ئەوانەش بۆ نەخوشناردن لەلایەن خەڵکی تر و نەخوشخانە بچوکترەکانەوە بەکاردەهێنرێن. لەمەش زیاتر، داتا ئەوەی نیشاندا کە بەهۆی جێبەجێکردنی ناتەواوی پێوەرەکانی چۆنایەتیی سەلامەتیی نەخۆش ئەوان بەرزترین ژمارەی تووشبوونیان بە هۆی نەخوشخانەوە هەبووە.

رێکخراوی تەندروستیی جیهانی (WHO) ٦٦٠ پاکیجی نەخۆشی داوەتە نەخوشخانەکان کە هەر یەکێکیان ٨ ماددەی وەك سەرچەفی خەوتن و شیتی خەوتن و بەرگە سەرین و جلی نەخوشخانە (بۆ پیاو و ژن و منداڵ) و خاولی و پێڵاوی گوریەیی دەگرێتە خۆی کە ئەمانەش هەم بۆ پشتگیریکردن لە جێبەجێکردنی پێوەری چۆنایەتی (کوالیتی) لە نەخوشخانە دیاریکراوەکان و هەم بۆ کەمکردنەوەی تەشەنەکردن و تووشبوونەکان بە هۆی نەخوشخانەوە پێویستن.

لەمەش زیاتر، رێکخراوی تەندروستیی جیهانی (WHO) پشتگیریی تەکنیکی گەورە لە بوارەکانی سەلامەتیی نەخۆش و باشکردنی چۆنایەتی پێشکەش دەکات بۆ باشکردنی ئەدای شارەزایانی چاودێریی تەندروستی و کەمکردنەوەی رووداوەکانی سەلامەتی و هەروەها بەهۆیەوە بۆ باشکردنی سەلامەتیی نەخۆش. لەمدواییەشدا، رێکخراوی تەندروستیی جیهانی (WHO) هەڵسەنگاندنێکی هێلەبنچینەیی لە نەخۆشخانەی مەلبەندیی فێرکاریی منداڵان و نەخۆشخانەی نەشتەرگەریی پسپۆڕی غازی ئەلحەریریی شاری پزیشکی لە بەغداد ئەنجامدا. ئەمانجی ئەو هەڵسەنگاندنە هێلەبنچینەییە لە دوو نەخۆشخانەکە بڕیاردان بوو لەسەر پابەندبوون بە پێوەرەکانی سەلامەتیی نەخۆش وەك ئامادەکارییەك بۆ جێبەجێکردنی (دەستپێشخەریی دۆستانەی WHO/EMRO بۆ سەلامەتی نەخۆش). ئامانجە ئەوپەڕییەکەش بریتییە لە بەهێزکردنی ئاستی سەلامەتیی نەخۆش و گەشەدان بە کەلتوری سەلامەتی لە نێوان کارمەندان و نەخۆشەکاندا. هەروەها، رێکخراوی تەندروستیی جیهانی (WHO) پلانی یارمەتیدانی وەزارەتی تەندروستیشی هەیە بۆ ئەنجامدانی ئەم جۆرە هەڵسەنگاندنە لە نەخوشخانە گەورەکانی تردا.



پاکیجی سەلامەتیی نەخۆش درایە عیراق (وێنە: وەزارەتی تەندروستی)

## پەرەپێدان

# ئاو لە عیراقدا: تاوتوێکردنی ئاستەنگی سێهەندەیی

نوسینی: جاد مێرهی / رێکخراوی یونیسکۆی عیراق

عیراق، بەهۆی توشبوونیەوە بە وشکەساڵی و کەمیی ئاوی بێخوێ (ئاوی شیرین)، لە رووی کۆمەڵایەتی و ئابوری و کەلتورییەوە پشت بە سەرچاوە کەمەکانی خۆی دەبەستێت. لەلایەکی تریشەوە، ژێرخانی ئاو و زێرابی لەمساڵانەی دوایی تێکوپێکچووە و زەوییە کشتوکاڵییەکانیش بەهۆی پیسبوونەوە پێویستییان بە چاککردن هەیە. هۆڕەکان، کە گەورەترین سیستمی ئاویی زەنەکاو و ئاوی سازگارن لە باشووری عیراق، لە ساڵەکانی هەشتایەکانەوە وشك کراون و ئێستا پێویستییەکی زۆریان بە بوژاندنەوە هەیە. لەمەش زیاتر، هیچ کام لەو ٣٠٠ پەیماننامانەی عیراق پەیوەندییان بە هاوبەشکردنی ئاوەوە نییە.

ئەم ئاڵوزییانە پێویستبوون بۆ فراوانکردنی تێگەیشتنی زانستییانە بۆ حەوزی دیجلە و فوڕات لەخۆدەگرن بۆ بەهانەوەچوونی بەپەلەی ژێرخانییانە و شیکردنەوەی تێڕوانینی نیشتمانی سەبارەت بە سەرفکردنی درێژخایەنانەی ئاو و هاوبەشکردنی هەرێمی یەکسان.

### ئامرازەکانی زانین بۆ بەگژاچوونەوەی وشکەساڵی

لەمساڵانەی دوایشدا، هەوڵەکانی حکومەت بۆ لاکردنەوە لە وشکەساڵی و پرسە ئاڵوزەکانی تری ئاو تووشی بە هۆی نەبوونی زانیاریی دروست و تازە سەبارەت بە ئاوی ژێرزەوی

پەكیان كەوتووە. حكومەتی عیراق، بۆ چارەسەركردنی ئەم كەموكوڕییە، چاوی بە پابەندییەكەی خۆی خشاندەوە بەو پێیەی قۆناغی یەكەمی دەستپێشخەریی نیشتمانیی نەخشەكێشانی سەرچاوەكانی ئاوی ژێرزەوی لە رێگەی (geoFIA)ەوە تەواوكراوە لەگەڵ دروستكردنی داتابێسی پێشكەوتوو لەسەر ئاوی ژێرزەوی كە لەلایەن رێكخراوی (یونیسكۆ)وە دابینكراوە. ئەم سیستەمە بەناوەندكراوە یەكەمەی ئاوی ژێرزەوی لە كۆبوونەوەیەكی ئاستبەرزدا لە بەغداد لە ٣ی تەموزی ٢٠١١ راگەیەندرا كە تێیدا گەورە نوێنەرانی حكومەت و ئەكادیمی و كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئامادەبوون.

**نۆژەنكرنەوەی كارێز: كاریگەری لەسەر ژینگە و كۆمەڵگە**

لە رووی بەهانەوەچوونی ژێرخانیشەوە، شارەزاییە دەگمەنەكەی رێكخراوی (یونیسكۆ) لە بواری پاراستن و نۆژەنكردنەوەی مێژووی پێكهاتەی هایدرۆلیكەوە بۆ بووژاندنەوەی ٢٠ كارێزی دیاریكراو بە تەواوی پەكی كەوت. كارێز سیستەمێكی كۆنی سەرخستنی ئاوە لە ناوچە لادێیەكانی پارێزگاكانی باكوور. پرۆژەكە بووە مایەی باشكردنی دۆخی بژێوی كۆمەڵگا لەرێگەی بوژاندنەوەی رۆیشتنی ئاو و كاررپەیداكردن لە لادێیەكاندا كە بەهۆیەوە ٨٠٠ خێزان لە ئاوارەبوونی ناوخۆیی بەزۆر رزگاریان بوو.

**تێروانینێكی هاوسەنگانە بۆ زانیارییە دراوە ناوخۆیی و هەرێمییەكان**

بەڕێوەبردنی مەترسیی وشكەساڵی: سەبارەت بە بەڕێوەبردنی ناوخۆیی ئاو، رێكخراوەكانی (یونیسكۆ) و (UNDP) پرۆژەیەك ئەنجام دەدن كە داراییەكەی لە ژێر (چوارچێوەی هاریكاریی پەرەپێدانی نەتەوە یەكگرتووەكان-یونداف) دابین دەكرێت. پرۆژەی (چوارچێوەی نیشتمانیی تێكهەڵكێشراوی بەڕێوەبردنی مەترسیی وشكەساڵی لە عیراق) یارمەتی حكومەتی عیراق دەدات بۆ دروستكردنی چوارچێوەیەكی نیشتمانی كە رێگە بە بەهاناوەچوونی رێكوپێككراو و هەمەپەیڕەو بۆ وشكەساڵی بدات لەنێوان پەیوەندارە جۆراوجۆرەكانی گشتی و تایبەتیدا.



زەنەكاوەكانی عیراق (وێنە:كاسێی والتێر)

ستراتیژی تاوتوێیەكانی هەرێمی: بۆ تەواوكردنی ئەم شێوازە لەگەڵ دەستپێشخەرییە هەرێمییە گشتگرەكان، رێكخراوی (یونیسكۆ)، بە سەركردایەتیی خاتوو (كریستین ماكناب)ی جێگری نوێنەری تایبەتی سكرتێری گشتیی نەتەوە یەكگرتووەكان، چووە پاڵ تیمێكی زۆرتایبەتمەند. تیمەكە، كە لەلایەن رێكخراوی (UNDP) و شارەزایانی جیهانی وەك پرۆفیسۆ داڤید گرێی (زانكۆی ئۆكسفۆردی بەریتانی) و د. دۆن بلاكمۆر (ئۆستڕالیا) سەركردایەتی دەكرا، زنجیرەیەك كۆبوونەوەی لەگەڵ بەرپرسە باڵا عیراقییەكان لە بەغداد ئەنجامدا و ئامۆژگاری تەكنیكیی بەنرخ و ئەزموونی جیهانییان پێدان سەبارەت بە بەڕێوەبردنی حەوز و ستراتیژی پەرەپێدان. كۆبوونەوەكان بوونە مایەی خستنەڕووی كۆمەڵێك راسپاردە، كە عیراق دەری كردبوون، لە بواری تواناسازی و بەرزكردنەوەی وشیاریی ستراتیژی لە بواری بەرپرسیاری و پشتمافەكانی قەراغ.

بۆ زانیاریی زیاتر تكایە پەیوەندی بكەن بە جاد مێرهی بەرپرسی راگەیاندنی گشتی لە رێكخراوی یونیسكۆ بە ئیمەیلی: j.merhi@unesco.org



ژنێك ئاو لە كارێز دەهێنێت (وێنە:سێباستیان مێیەر)

# قۆناغی دووەمی بەرنامەی پەرەپێدانی ناوچەیی پەسندکرا

نوسینی: تولین ئەلخوفاش / بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدان لە عیراق



بوژاندنەوەی خزمەتە بنەڕەتییەکان لەچزارچێوەی (بەرنامەی پەرەپێدانی ناوچە خۆجێییەکانی سەر بە UNDP (وێنە: سپێستوونس لە رێکخراوی UNDPی عیراق )

لیژنەی هاوبەشکاریی حکومەتی عیراق لە ١٩ی کانوونی یەکەمی قۆناغی دووەمی بەرنامەی پەرەپێدانی ناوچەیی پەسندکرد. ئەم بەرنامەی ناو-ئاژانسەکان UNDP و ILO و UNOPS و UN-Habitat و WHO لەماوەی دوو سێڵ و نیودا جێبەجێیدەکەن ئاماجیشی دڵنیابوونەوە لەوەی هاوڵاتییانی عیراق، بەتایبەتیش کۆمەڵە هەرە لانەوازەکان، سوود لە پرۆسەگەلی کاریگەری پەرەپێدانی ناوخۆیی وەربگرن و باشتر بگەنە خزمەتگوزارییە بنەڕەتییە باشەکان.

قۆناغی دووەم درێژەپێدەری قۆناغی یەکەمە کە یەکەمین دەستپێشخەریی لامەرکەزیی هاوبەشی فرە-کەرتی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو و پشتگیریی ١٢ پلانی گشتگری فرە-کەرتی سەر ئاستی قەزاکانی دەکرد لە بوارە زیندەگییەکانی وەك تەندروستی و پەروەردە و ژێرخان و کارەبا لە پارێزگاکانی بەسرا و ذیقار و میسان و بابل و سلێمانی. حکومەتە ناوخۆییەکان ئەو پرۆژانەیان ئامادەکردووە لەرێی بەشداریی چالاکانەی پەیوەندیداران و کۆمەڵگا ناوخۆییەکانەوە.

لەم قۆناغی دووەمە کە ئێستا پەسندکراوە، بەرنامەکە بەردەوام دەبێ لە پشتگیریکردنی پلانی گشتگری فرە-کەرت بە بەشدارکردنی فەرمانگە تەکنیکییەکانی ئەو پارێزگایانە وەك پەیوەندیدارو هاوبەشکاری سەرەکی. بەرنامەکە تەوەرەیی دەبێت لە بە ناوخۆییکردنی (ێلانی پەرەپێدانی نیشتیمانی)ی حکومەت و پێشڤەچوون بەرەو بەدیهێنانی ئامانجەکانی پەرەپێدانی هەزارە، بەتایبەتیش دەربارەی بەدەنگەوەچوونی پێداویستییەکانی ئافرەتان و لاوان و خەڵکە هەرە بێدەرەتانەکان، بە هەژارانیشەوە.

بەرنامەکە جەخت دەکاتە سەر پلاندانانی بەشدارییپێکەر و گەیاندنی کاریگەرانەی خزمەتگوزاری و لێپرسینەوەی گشتی و پێوانەکردنی ئەدای پەرەپێدانی ناوخۆیی و گەیاندنی خزمەتگوزاری. بەرنامەکە کەمەڵگای مەدەنی بەشداردەکا بۆ هاوبەشیکردنی کاریگەرانە لەگەڵ حکومەتی ناوخۆیی و، پەیوەندییەکیش لەگەڵ دامەزراوە نیشتیمانی و نێودەوڵەتییەکان دادەمەزرێنێ، لەرێی رەوەندی عیراقیشەوە، بۆ پشتگیریکردنی پەرەپێدانی ناوخۆیی درێژخایەن.

سەرچاوەگەلی پێویست لە کۆمەکبەخشانەوە وا سازدەکرێن بۆ تەواوکردنی ئەو داراییانەی هەردوو حکومەتی عیراق و هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی مەبدەئی رازیبوون هاوبەشی لە تێچوونیان بکەن.

بۆ زانیاریی زیاتر، تکایە پەیوەندی بە تولین خوففاش بکەن بە ئیمەیلی: tuleen.khoffash@undp.org

کۆمەڵگەی مەدەنی

## دروستکردنی متمانە نێوان پۆلیس و کۆمەڵگەی مەدەنی

نوسینی: کارۆلاین هامەربێرگ لە نوسینگەی عیراقی UNOPS

لە سەرتاپای وڵات پۆلیس و دەسەڵاتی گشتی دەچنە پاڵ رێکخراوە ناحکومەییەکان بۆ خولی راهێنان لەپێناو باشترکردنی تێگەیشتنی خۆیان لە یاسای نوێی رێکخراوە ناحکومییەکان و بۆ فـwربوونی چۆنیەتیی کارکردن بەیەکەوە لە عیراقی دوای سەدام.

یاسای نوێی رێکخراوە ناحکومییەکانی عیراق پێشوازییی لێکراوە بەهۆی ئەو پاراستن و بارەی بۆ کۆمەڵگەی مەەنیی عیراقی فەراهەمکردووە. بەڵام لە وڵاتێکدا کە چەمکی رێکخراوە



راهێنەران لە رێکخراوە ناحکومییەکان و پۆلیس و دەسەڵاتە گشتییەکانی تر بە یاسای تازەی رێکخراوە ناحکومییەکان ئاشنا دەبن (وێنە: ئادەم ستیپ-رێکۆڤیسکی لە رێکخراوی یونۆپس)

ناحکومییەکان هێشتا نوێیە، یاسای باش مانایەکی ئەوتۆی نییە ئەگەر ئەوانەی دەبێ جێبەجێی بەکەن و پێوەی پابەندبن بەتەواوی لێی تێنەگەن.

بەڕێز فازیل شاکر رەسەن، دادوەر و جێگری داواکاری گشتی لە دادگای کەڕادەی بەغدا لەمبارەوە دەڵێت "هەندێك بێبڕوایی بەرامبەر کۆمەڵگەی مەدەنی هەیە بەو پێیەی چەمکێکی هێشتا نوێیە. پەیوەندییەکان وەك پەڕەی سپین، هێشتا نەنوسراون."

لەڕێگەی مەشقپێکردنەوە، نوسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ززمەگوزاریی پڕۆژەکان (UN-OPS) و ناوەندی نێودەوڵەتیی یاسای قازانج نەویست(International Center for Not for Profit ‘Law ‘ICNL) هەوڵدەدەن بۆ دروستکردنی ئەو پەیوەندییانە و دەرفەتیش بۆ رێکخراوە ناحکومییەکان و پۆلیس و دەسەڵاتە گشتییەکانی تر دەڕەخسێنن بۆ بەیەکگەیشتن و بەدەستهێنانی لێکتێگەیشتنێکی راستەقینەی دەوری هەر یەکەیان لە عیراقی ئەمڕۆ.

یەکەم زنجیرەی ئەو سەکۆیکارانە بۆ راهێنەران لە مانگی کانوونی یەکەمی ٢٠١١ تەواوبوو. ئێستا ٦٥ بەشداری نوێنەرانی رێکخراوە ناحکومییەکان و پۆلیس و سیستمی دادوەری و دەسەڵاتی ناوخۆیی و فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومییەکان بەیەکەوە راهێنان بە هاوشانانیان لە پارێزگاکانی عیراق دەکەن.

راهێنانەکان چەند بابەتێك دەگرنەوە. جارێ زانیاری لەبارەی یاسا نوێیەکەوە تا ڕادەیەك کەمە. یاساکە بەرەسمی دان بە مافی رێکخراوە ناحکومییەکاندا دەنێت لە عیراقدا هەبن و کاربکەن، کەسایەتیی یاساییشی داونەتێ کە پێویستە هەم دەسەڵاتی گشتی و هەم رێکخراوەکان خۆشیان لێی بەئاگا بن.

لە بابەتەکانی تری راهێنانەکانیش چوارچێوەی گشتیی کارلێکی نێوان رێکخراوە ناحکومییەکان و دەسەڵاتی گشتییە کە چۆن بتوانن پەیوەندییەکی بونیاتنەرانە لەگەڵ یەکتردا دروست بکەن و تەنانەت هاوکاریی یەکتریش بکەن بۆ یارمەتیدان لە باشترکردنی کۆمەڵگا.

چاودێریکردنی رەوشی زیندانەکان یەکێکە لەو بوارانەی کە تێیدا ئەو جۆرە هاوکارییەی نێوان رێکخراوە ناحکومییەکان و دەسەڵاتی گشتی دەشێ ببێتە مایەی سوودی هاوبەش بۆ هاوڵاتییان و دەسەڵاتیش وەکو یەك. چاودێریی سەربەخۆی زیندانەکان لەلایەن کۆمەڵگای مەدەنییەوە رێگایەکە هەم بۆ دۆزینەوەی رەوشی خراپی زیندانەکان و هەم بۆ پاراستنی زیندانییەکانیش. ئەگەر لایەنی کەمی ستانداردەکان لەبەرچاوگیرابن و رێخراوە ناحکومییەکانیش پشتڕاستی بکەنەوە، ئەوسا دەکرێ ئەمە ببێتە رێگەیەگ بۆ بونیاتنانی متمانەی جەماوەر بە مامەڵەی دەسەڵات لەگەڵ زیندانییەکان.

نمونەیەکی تری هاوکاریی دەسەڵات و رێکخراوە ناحکومییەکان لە لوبنانەوە، وەك لە راهێنانەکەدا خرایەڕوو، هاوکاریی نێوان بەشی مادده هۆشبەرەکانی سەر بە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و سێ رێکخراوی ناحکومیی تایبەتمەندی بواری خووگرتن بە مادده هۆشبەرەکانە کە ئەمانەن: ئوم ئەلنور و سکوون و جـــاد. ئەو رێکخراوانە و دەسەڵات بەیەکەوە هەڵمەتێکی هۆشیارکردنەوەیان جێبەجێکرد بۆ رێگری لە قوتابیانی دواناوەندی و خوێندکارانی زانکۆ کە خوو بە مادده هۆشبەرەکانەوە بگرن.

خۆ راهێنانەکان خۆشیان هەر بەشێکن لە پرۆسەی متمانە دروستکردن.

بەڕێوەبەری راگەیاندنی رێکخاوی ناحکومیی ئەلنور بەڕێز ئەنوەر داوود سەلمان دەڵێ وەك ئەوە وابووە کە راهێنانەکان دەرفەتێکیان بە پۆلیس و نوێنەرانی سیستمی دادوەری داوە بۆ "دۆزینەوەی" کۆمەڵگای مەدەنی. هەروەها دەڵێ "بۆ رێکخراوە ناحکومییەکان ئەستەمە پەیوەندی لەگەڵ پۆلیس و دادوەری ببەستن بۆیە ئەو جۆرە راهێنانە زۆر گرنگن چونکە بواریان دەدەنێ زیاتر




دادوەر و جێگری داواکاریی گشتی لە دادگای کەڕادەی بەغداد بەڕێز فازیل شاکر رەسەن لەبەردەم پارچە پەڕێکی سپی کە هێمایە بۆ پەیوەندیی نێوان دەسەڵات و کۆمەڵگەی مەدەنیدا (وێنە: ئادەم ستیپ-رێکۆڤیسکی لە رێکخراوی یونۆپس)

دەربارەی یەکتر فێرببن و ... بیرۆکەی حازربەدەست لەسەر یەکتری و ناوبڕی نێوان هەردوو لایەن بەلاوە بنێن."

ەەڕێوەبەری بەرنامەی کۆمەڵگەی مەدەنیی نوسینگەی عیراقی UN-OPS بەڕێز ئادەم ستیپ-ریکۆڤسکی هەمان رای هەیە: "کاتێك پۆلیس و دەسەڵاتداران لەگەڵ رێکخراوی ناحکومیی وا بەیەکدەگەن، ئەوا یەکسەر دەبنە بەشێك لە هەڵسوکەوتێك کە وا لەبارەیەوە فپردەبن، ئەمەش هەنگاوی یەکەمە لە تێگەیشتن لە ئەویتر."

راهێنانەکانی دواتر لەچوارچێوەی پرۆژەیەك کە UNOPS و ICNL بەڕێوەیدەبەن ئەنجامدەدرێن. دارایی پڕۆژەکەی UNOPS یەکێتیی ئەوروپا و حکومەت یفینلاند و کۆمەکبەخشانی تر لەرێگەی گروپی نەتەو ەیەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدانی عیراق دابینکراوە. دارایی پڕۆژەکەی ICNLیش نوسینگەی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ و کار لە وازەرەتی دەرەوەی ئەمێریکا دابینیکردووە.

بۆ زانیاریی زیاتر، تکایە پەیوەندی بکەن بە بەڕێز ئادەم ستیپ-ریکۆڤسکی (ئیمەیلی adams@unops.org یان تەلەفۆنی ٠٠٩٦٢٧٧٥٤٦٦٠١٠) یان بەڕێز کەریم ئەلبەیار (ئیمەیلی KEI-bayatr@icnl.org یان تەلەفۆنی ٠٠١٢٠٢٦٤٨٢٥٢٨) یان سەردانی www.unops.org/iqoc و www.icnl.org بکەن.

# رووپێوی تۆڕی زانیاریی عیراق

حکومەتی عیراق و نەتەوە یەکگرتووەکان بەیەکەوە لە ٣ی کانوونی یەکەمی ٢٠١١ لە بەغدا ئەنجامەکانی ووروپێوی (تۆڕی زانیاریی عیراق / Iraq Knowledge Network 'IKN')یان ڕاگەیاند. رووپێوەکە زانیاریی ئابووری-کۆمەڵایەتیی لە نزیکەی ٢٩ هەزار ماڵبات لەسەر ئاستی قەزاکانی هەر ١٨ پارێزگاکەی عیراق لە ساڵی ٢٠١١ کۆکردەوە. رووپێوەکە ئامرازی سەرەکییە لە دامەزراندنی سیستمێکی چاودێریی ئابووری-کۆمەڵایەتی بۆ عیراق لە هەوڵێکدا بۆ پتەوکردنی پلاندانانی پشت بە بەڵگە بەستوو لەسەر هەردوو ئاستی هەرێمی و نیشتیمانی.

تۆڕی زانیاریی عیراق ژمارەیەکی زۆری نیشاندەری ئابووری-کۆمەڵایەتیی پەیوەست بە خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان و خەرجیی ماڵ و خۆراك و هێزی کار و فەرمانڕەوایی کۆکردەوە.

## گرنگترین دۆزینەوەکانی IKN

### خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان

#### کـــارەبـــا

• ٣٥٪ی ماڵباتەکان بڕوایان وایە کارەبا پێویستە سەرلیستی هەرلەپێشی باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان بێت. ئەم ڕێژەیە لە هی هەر خزمەتگوزارییەکی تر بەرزتر بوو.

• بە تێکڕایی، ماڵباتەکان ١٤.٦ کاتژمێر کارەبان هەیە لە تۆڕی نیشتیمانی و مووەلیدە تایبەتەکانەوە بەسەر یەکەوە.

• ٧٩٪ی ماڵباتەکان دەڵێن خزمەتگوزاریی کارەبا "خراپ" یان "زۆر خراپ"ە.

• ٩٠٪ی ماڵباتەکان سەرباری کارەبای نیشتیمانی مووەلیدەی تایبەتیش بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانیان بەکار دێنن.

#### ئاو و ئاوەڕۆی تەندروست

• ٥٩٪ی ماڵباتەکان دەڵێن کەلوپەلەکانی ناوماڵیان "خراپ" یان "زۆر خراپ"ە. لە ناوچە لادێییەکان ئەو ڕێژەیە بۆ ٨٥٪ بەرز دەبێتەوە.

• ٣٨٪ی ماڵباتەکان دەڵێن هەبوونی ئاوی خواردنەوەیان "باش" یان "زۆر باش"ە.

• ٣٠٪ی ماڵباتەکان بەهرەمەندن لە تۆڕی گشتیی ئاوەڕۆی تەندروست.

• لەو ماڵباتانەی بێبەشن لە تۆڕی گشتیی ئاوەڕۆی تەندروست ٤٠٪یان حەوزی داپۆشراو و ٢٥٪یش چاڵی داپۆشراو بەکاردێنن بۆ ڕزگاربوون لە ئاوی پیس.

• ٦٥٪ی ماڵباتەکان تۆڕی گشتیی ئاو سەرچاوەی سەرەکیی ئاوی خواردنەوەیانە. لە پارێزگاکانی باشوور ئەو ڕێژەیە زۆر دادەبەزێت بەهۆی شۆرییی خاك.

#### تەندروستـــی

• تێکڕایی ماڵباتەکان کەمێك زیاتر لە ٢٠ خولەك لە دامەزراوەیەکی تەندرووستی دوورن.

• دوو لە سێی عیراقییەکان بیروڕایان لەسەر خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان نەرێنییە.

#### فەرمانڕەوایی

• خێزان، کۆمەڵگەی ئایینی، هۆز، گوند و کۆمەڵەی ئیتنی ئەو قەوارە کۆمەڵایەتییانەن کە بەرزترین ئاستی متمانەیان لای هاوڵاتییان هەیە.

• لەسەر پێوەرێك لە سفرەوە (هیچ متمانە) تا ١٠ (متمانەی زۆر بەهێز)، ماڵباتەکان ڕادەی متمانەی خۆیان بە قەوارە کۆمەڵایەتییە دەستنیشانکراوەکان بەم جۆرە پۆلێن دەکەن: سەرکردە ئایینییەکان بە ڕادەی ٨ پلە و هێزە بیانییەکانیش بە ٢.٤ پلە مایەی متمانەن.

• ١٩٪ی دانیشتووان لە ١٢ مانگی پێشتردا بەشدارییان لە شێوەیەکی چالاکییە کۆمەڵایەتی یان سیاسییەکان کردووە وەك ئیمزاکردنی ئەرزوحاڵێك، بەشداریکردن لە خۆپیشاندانێك یان ڕێپێوانێك.

• ٧٥٪ی عیراقییەکان پێهویستیی کەمکردنەوەی هەژارییان لە وڵاتدا بە پێویستیی هەرلەپێش دەستنیشانکردووە.

• ١٢٪ی هەموو ئەو عیراقییانەی بەرکەوتنیان لەگەڵ کارمەنانی حکومەت هەبووە بەرتیلیان داوە.

• ڕووداوەکانی بەرتیلخۆری باس ناکرێن.

• ٥٤٪ی دانیشتووان بڕوایان وایە کە لە دوو ساڵی پێش رووپێوەکەدا ڕەوشی گەندەڵی خراپتر بووە.

#### هێزی کار

• ڕێژەی بێکاری لەسەر ئاستی نیشتیمانی ١١٪ە (بۆ نێر ٧٪ و بۆ مێ ١٣٪). ٦٥٣ هەزار کەس بێکارن، لەوانە ٤٩٦ هەزاریان نێرن و ١٥٧ هەزاریش مێیینە.

• ٤٤٪ی عیراقییان (٧.٩ ملیۆن کەس) لە هێزی کارن ( ئەگە ڕپێناسەیەکی نەرم بەکار بێنین). لە ڕەگەزی نێر ٧٢٪یان لە هێزی کارن بەرامبەر تەنها ١٣٪ی ڕەگەزی مێ.

• بێکاریی لاوان (تەمەنی ١٥ تا ٢٤ ساڵی) بەرزە تا ١٨٪ (٢٧٪ لە ڕەگەزی نێر و ١٧٪ی ڕەگەزی مێ)؛ بێکاری لەناو لاوانی خاوەن بڕوانامەی بەرز هێشتا بەرزتریشە.

• حکومەت ٤٠٪ی هەلی کار دابیندەکات و ئەوی تر لە کەرتی تایبەتە. لە ناوچە شارییەکان حکومەت ٤٥٪ی هەموو هەلی کار دابیندەکات و لە ناوچە لادێییەکانیش ٢٨٪ی هەلی کار حکومەت دابینیدەکات. کەرتی نەوت ئەگەرچی ٦٥٪ی تێکڕایی بەرهەمی نیشتیمانی (GDP) پێکدێنێ بەڵام تەنها ١٪ی سەرجەم هێزی کار بەکاردەبات.

• ٦٠٪ی هەموو ئافرەتانی کارکەر لە کەرتی حکومی کاردەکەن.

• بەگشتی، لە هەر شەش کەسی هێزی کار یەکێکیان ئافرەتە.

#### ئاسایشی خۆراك و خەرجیی ماڵ

• لە عیراقدا ٤ کۆمەڵەی سەرەکی ٨٠٪ی خەرجیی بەکارهێنانی ناوماڵ پێکدێنن کە ئەمانەن:

- کەلوپەلی خۆراك و ساردەمەنیی ناکحولی ٣٤.٥٪ پێکدێنن.
- نیشتەجێبوون و ئاو و کارەبا و گاز و جۆرەکانی تری سووتەمەنی ٢٩.١٪ پێکدێنن.
- هاتووچۆ ٨.٨٪ پێکدێنێ.
- جلوبەرگ و بابەتی لەپێکردن ٧.٥٪ پێکدێنن.

• لە ٢٠١١ خەرجکردن لە خواردن ٣٤.٥٪س سەرجەم خەرجکردنەکانی پێکدێنا بە بەراورد لەگەڵ ٣٥.٦٪ی ساڵی ٢٠٠٧، ئەمەش نیشاندەری کەمێك باشتربوونی ڕەوشی ژیانە.

• ڕادەی تێکڕایی جۆراوجۆری خۆراك لە ڕۆژێکدا ٦.٤ کۆمەڵەی خواردن بووە لە ٢٠١١، ئەمەش بە ڕێژەی ٢.٦٪ بەرزترە لەچاو ٢٠٠٧ و نیشانەی باشتربوونی ڕەوشی ئاسایشی خۆراکە بەگشتی.

• ٢٢٪ی ماڵباتەکان دەڵێن کە ڕاهاتبوون ستراتیژی بەرەنگاربوونەوە بەکاربێنن بۆ ئاسانکردنی بەکارهێنانی خۆراك لە ٢٠١١ بە بەراورد لەگەڵ ٢٩٪ی ماڵباتەکان لە ٢٠٠٧.

(تۆڕی زانیاریی عیراق) بە هەماهەنگیی گشتیی یەکەی شیکاریی ناوئ ئاژانسەکان / Inter-Agency Information and Analysis Unit 'IAU') جێبەجێکراوە و بەرهەمی پرۆسەیەکی هاوکارییە لەنێوان ڕێکخراوی ناوەندیی ئامار و دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان و سندوقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتووان (UNFPA) و ڕێکخراوی خۆراکی جیهانی (WFP) و بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدان (UNDP) و نوسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بنبڕکردنی مادده هۆشبەرەکان و تاوان (UNODC) و یونێسکۆ و ئاژانسی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدانی نێودەوڵەتی (USAID) و ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی (WHO) و ێێکخراوی ناحکومیی نێودەوڵەتیی مێسی کۆر (Mercy Corps).

بۆ زانیاریی زیاتر ەربارەی تۆڕی زانیاریی عیراق تکایە سەردانی http://www.iauiraq.org/ikn بکە یان پەیوەندی بە تارا عەبدولمەجید بکە بە ئیمەیلی abdulmejid@un.org یان تەلەفۆنی ٠٠٩٦٢٧٧٧٢٥١٥٠١

## UNDP: کارمەندانی پەرلەمانی عیراق ئاڵوگۆڕی ئەزموون لەگەڵ پەرلەمانە ئەوروپییەکان دەکەن

دەرەنجامی میوانداریی UNDP لە سەردانی شاندێکی باڵای کارمەندانی ئەنجومەنی نوێنەران (پەرلەمان)ی عیراق بۆ برۆکسێلی پایتەختی بەلجیکا لە سەرەتای مانگی کانوونی یەکەمی ٢٠١١ لێکۆڵینەوە بوو لە چۆنیەتیی زیاترکردنی کاریگەریی سکرتاریەتی پەرلەمان. شاندە عیراقییەکە لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانی بەلجیکاوە پێشوازیی لێکرا و لەگەڵ چەندی شارەزای نێودەوڵەتیی UNDP و نوێنەرانی پەرلەمانیی ئەوروپی و بەریتانی و پاکستانی کۆبووەوە. بابەتگەلی وەك بەهێزکردنی بەڕێوەبردنی پەرلەمانی و زیاترکردنی پشتگیریی لیژنە پەرلەمانییەکان و باشترکردنی گفتوگۆ لەکەڵ هاوڵاتیانی عیراقی بۆ دڵنیابوون لەوەی کە پەرلەمان رەنگدانەوەی بیروڕا و نیگەرانییەکانی هاوڵاتییانە تەوەری گفتوگۆکان بوون. شاندەکە چەندین کۆبوونەوەی دووقۆڵیشی لەگەڵ پەرلەمانی بەلجیکا سازکرد سەبارەت بە تەکنەلۆجیای زانیاری و گەیاندن و توێژینەوە و میدیا و دارایی و کاروباری پەرلەمانی و پرۆتۆکۆل و پەیوەندییە گشتییەکان و بەڕێوەبردن.

## UNDP و وەزارەتی نەوت لەسەر هاوبەشکاریی درێژخایەن رێکدەکەون

UNDP و وەزارەتی نەوتی عیراق رێککەوتنێکی نوێی دووساڵەی هاوبەشکارییان ئیمزاکرد بۆ پەرەپێدانی کارامەییەکان و بەڕێوەبردنی سەرچاوە مرۆییەکان لە کەرتی نەوت و گازدا.

هاوبەشکارییەکە دەبێتە یارمەتیدەری فروانکردنی کەرتەکە و بەرزکردنەوەی توانای رەخساندنی دەرفەتی نوێی کار بۆ هێزی کاری خێراگەشەکردووی عیراقی لەڕێگەی بەهێزکردن یتواناکانی بەڕێبەرایەتیی مەشق و پەرەپێدانی وەزارەتی نەوت و بەرەسمیکردنی گفتوگۆی نێوان وەزترەت و کەرتی تایبەت سەبارەت بە بەرزکردنەوەی ئاستی کارامەییەکان و ستانداردەکانی هێزی کار و بەڕێوەبردنی سەرچاوە مرۆییەکان.

کەرتی نەوت ٦٥٪ی بەرهەمهێنانی گشتیی خۆماڵی (GDP) پێکدەهێنێت کەچی ئێستا تەنها ١٪ی سەرجەم هێزی کاری گرتووەتەخۆی. عیراق هەروەها خاوەنی یەدەگی زۆری گازە کە هێشتا وەکو پێویست نەخراوەتە گەڕ ئەگەرچی بڕیار وایە بایەخی پێبدرێت بۆ زیادکردنی بەرهەمهێنانی خۆماڵیی کارەبا.

سیپارەیەکی راستییەکان سەبارەت بە کەرتی نەوت و گازی عیراق لەم بەستەرە بە ئینگلیزی بخوێنەوە.

http://iq.one.un.org/documents/327/Oil%20Factsheet%20-%20English.pdf



بەرپرسی وڵاتی رێکخراوی UNDP پێتەر باچێلۆر ئیمزا لەسەر رێککەوتنی هاوبەشکاریی درێژخایەن دەکات لەگەڵ بەڕێوەبەری گشتیی پەرەپێدان و راهێنانی وەزارەتی نەوت بەڕێز ئیقدام هاشیم (وێنە: رێکخراوی UNDP)

## ئاژانسی هاوکاریی نێودەوڵەتیی ژاپۆنی و UNDP هاوبەشکارییان درێژدەکەنەوە

ئاژانسی هاوکاریی نێودەوڵەتیی ژاپۆنی (JICA) و UNDP لە مانگی کانوونی یەکەمی ٢٠١١ درێژکردنەوەی هاوبەشکارییەکەی نێوانیانیان ئیمزاکرد بۆ خێراکردنی جێبەجێکردنی پڕۆژەکانی ژێرخان و ئابووری لە کەرتە سەرەکییەکانی وە ك کارەبا و ئاو ئاوەڕۆی تەندروست و نەوت و گواستنەوە و پیشەسازی. سەرجەم بەهای پڕۆژەکان تا ئێستا ٣.٢٨ ملیار دۆلارە و وەزارەتە عیراقییەکان جێبەجێیان دەکەن.

UNDP لەگەڵ JICA و حکومەتی عیراق کار لەسەر چاودێریکردنی پڕۆژەکان و پەرەپێدانی تواناکان دەکات و ئەمەش دەستەبەری ئەوە دەکات کە رێوشوێنەکان بەتەواوی لەبەرچاوگیراون بەپێی رێنماییە ستانداردکراوە



بەرپرسی وڵاتی رێکخراوی UNDP پێتەر باچێلۆر ئیمزا لەسەر درێژکردنەوەی هاوبەشکاری دەکات لەگەڵ گەورە نوێنەری رێکخراوی JICA لە عیراق بەڕێز تاکێما ساکامۆتۆ (وێنە: رێکخراوی UNDP)




خاتو سارا بارنێت لە کۆمیسیۆنی ئەوروپی لە عیراق و بەڕێز مارک ئەنتۆنی مۆرێلی بەرپرسی پرۆژە لە بەرنامەی سەروەریی یاسای ڕێکخراوی UNDP لەکاتی (ڕۆژی دادگای کراوە) لەهەولێر (وێنە: ڕێکخراوی UNDP)

جیهانییەکانی JICA و، قەرزەکانی حکومەتی ژاپۆنیش بە شێوەیەکی واڵا و کاریگەر و لێپرسراوەیی لە عیراق بەکارهاتوون. UNDP لەجیاتیی JICA چاودێریی پرۆژەکان دەکات و پێشقەچوون و بەڕێوەبردنی تواناکان هەڵدەسەنگێنێت بۆ دەستنیشانکردنی ئاستەنگ و کەلێنەکان و، بۆ باشترکردنی جێبەجێکردنی پرۆژەکانیش ڕاوێژ و ڕێنمایی پێشکەشی وەزارەتەکان دەکات.

بەرنامەی (پشتگیری سەروەری یاسا و دادپەروەری)، کە لەکۆتایی ساڵی ٢٠١١ تەواوبوو، ئەمانەی دەگرتەخۆ: دامەزراندنی دادگای نموونەیی لە هەولێر و بەسرا، ژوورێکی پارمەتیی یاسایی بەخۆڕایی لە هەولێر، سیستمێکی ئەلیکترۆنیی بەڕێوەبردنی کەیسەکان، یەکەی توێژینەوە و کتێبخانەی یاسایی و، چەند چالاکییەکیش بە ئامانجی بەهێزکردنی تواناکانی دامەزراوە حکومییە سەرەکییەکانی دادوەری.

## UNDP ڕۆژێکی کراوە لە دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێر سازدەکات

UNDP لە ٨ی کانوونی یەکەمی ٢٠١١ ڕۆژێکی کراوەی لە دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێر سازکرد بۆ زانیاری بەخشین سەبارەت بە بەرنامەی (پشتگیریی سەروەریی یاسا و دادپەروەری) کە یەکێتیی ئەوروپا داراییەکەی دابینکردووە و ئەو پشتگیرییەش کە بەرنامەکە پێشکەشی دادوەریی کوردستانی کردووە. هەڵمەتێکیش بۆ بەرزکردنەوەی هۆشیاریی گشتی سەبارەت مافە یاساییەکان و کارکردنی سیستمی دادوەریی ڕاگەیەنران لەو چالاکییەدا کە بەرپرسانی باڵای حکومەتی هەرێمی کوردستان (بە وەزیری دادیشەوە) و هاوبەشکارە جێبەجێکار و نێودەوڵەتییەکانی UNDP وەک EU-JUSTLEX و USAID.

## UNDP لە عیراق داتابەیسی یاسایی ڕادەستی حکومەتی عیراق دەکاتەوە

لە ڕێورەسمێکدا لە لوبنان، نوسینگەی عیراقی UNDP لە ٨ی کانوونی یەکەمی ٢٠١١ داتابەیسی یاسایی عیراقی ڕادەستی ئەنجومەنی باڵای دادوەریی عیراق بە نوێنەرایەتیی حکومەتی عیراق کردەوە.

داتابەیسەکە وا درێژراوە کە تەواوی کۆکراوەی یاسا عیراقییەکان لە یەک تاکە سەرچاوەی بەخۆڕایی و ئاسان بخاتە بەردەست هەموو ئەو تاک و دامەزراوانەی پشت بە زانینی یاسایی دەبەستن. (داتابەیسی یاسایی عیراق) کە لەم ناونیشانە دەستدەکەوێت (www.iraq-ild.org) بە سەرپەرشتیی بەرنامەی (پشتگیری سەروەری یاسا و دادوەری)ی UNDP و بە دارایی حکومەتی ئیسپانیا و یەکێتیی ئەوروپا پەرەپێدراوە.

زیاتر لە ٢٧٠٠٠ بابەتی تێدایە بە هەموو ئەو دەقە یاساییانەشەوە کە لە ساڵی ١٩١٧ەوە بڵاوکراونەتەوە.

گەورە بەرپرسان لە ئەنجومەنی باڵای دادوەریی عیراقی، بە دادوەر میدحەت ئەلمەحمودی سەرۆکی دادوەریی عیراقیشەوە، هەروەها لە ئەنجومەنی شـوورا و وەزارەتی دادی ئامادەی ڕێورەسمی ڕادەستکردنەوەکە بوون.

## ڕووپێوی هەڵسەنگاندن و بەدەنگەوەچوونی کەمیی خۆراکی وردە لە عیراق دەستپێکرد

هەردوو وەزارەتی تەندروستیی عیراق و هەرێمی کوردستان لەگەڵ ڕێکخراوی ناوەندیی ئاماری وەزارەتی پلاندانانی عیراق و دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان بە پشتگیریی تەواوی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی WHO و بە هاوکاری لەگەڵ یونیسێف دەستیانکرد بە جێبەجێکردنی کاری مەیدانی و زانیاری کۆکردنەوە بۆ ڕووپێوی (هەڵسەنگاندن و بەدەنگەوەچوونی کەمیی خۆراکی وردە). ڕووپێوەکە بۆ یەکەم جار زانیاریی بنەڕەتی سەبارەت بە منداڵانی تەمەن خوار پێنج ساڵان و ئافرەتانی تەمەنی سکوزا دەخاتەڕوو لەگەڵ زانیاری دەربارەی کەمخوێنی و کەمیی ئاسن و ڤیتامین B12 و ڤیتامین A و ڤیتامین D و ترشی فۆلیک. کۆکردنەوەی زانیاری لە هەموو پارێزگاکانی عیراق لە ٢٤ی کانوونی یەکەمی ٢٠١١ دەستپێکرد و لە ٢٦ی کانوونی دووەمی ٢٠١٢ تەواوبوو.

هەنگاوەکانی دادێن لەمەودوا بریتین لە شیکردنەوەی زانیارییە کۆکراوەکان و پشکنینی بایۆلۆجی بۆ نموونەکانی خوێن و میز کە لە ئافرەتانی تەمەنی منداڵبوون و منداڵانی تەمەن ٦ تا ٥٩ مانگی وەرگیراون. لە قۆناغی دووەمدا منداڵانی قوتابخانە لە تەمەنی ٦ تا ١٢ ساڵان پشکنینی یۆدی ناو میز و خەمڵاندنی ڕێژەی سەدیی هیمۆگلۆبین پێوەرەکانی ئەنترۆپۆمیترییان بۆ دەکرێت.



وەرگرتنی نموونەی خوێن لە منداڵێکی تەمەن ٢٤ مانگ، ڕووپێوی MNAR (وێنە: وەزارەتی تەندروستی / دەزگای توێژینەوەی خۆراکییەکان)



بەشدارانی سێهەم کۆبوونەوەی راوێژی تەکنیکی لەسەر پرۆژەی (هەڵسەنگاندنی رێنمونیکەر لەسەر کەموکوڕییە زگماکییەکانی لەدایکبوون (وێنە: وەزارەتی تەندروستی)

## هەڵسەنگاندنی پێشەنگی شێواوییە زگماکییەکان لە عیراق

لە ١٧ و ١٨ی کانوونی یەکەمی ٢٠١١ سێیەمین (کۆبوونەوەی راوژکاریی تەکنیکی) بۆ پرۆژەی (هەڵسەنگاندنی پێشەنگی شێواوییە زگماکییەکان) بە رابەرایەتیی وەزارەتی تەندروستی و رێکخراوی تەندروستیی جیهانی بەسترا. ئەندامانی لیژنەی ئاراستەکاری پرۆژەی پرۆژەی (هەڵسەنگاندنی پێشەنگی شێواوییە زگماکییەکان) ئامادەی کۆبوونەوەکە بوون کە بووە مایەی پەرەپێدانی پلانێکی کار بۆ جێبەجێکردنی رووپێوی پرۆژەکە لە ١ی کانوونی دووەم تا ٣١ی تەمموزی ٢٠١٢. پلانی کارەکە بودجە و خشتەی کاتەکان بۆ چالاکییە سەرەکییەکانیش دەگرێتەوە.

## رێکخراوی تەندروستیی جیهانی میوانداریی کۆبوونەوە سەبارەت بە بەنجکردن و چاودێریی چڕ و نەهێشتنی تەشەنەکردن دەکات

وەزارەتی تەندروستیی عیراق بە پشتگیریی تەکنیکیی رێکخراوی تەندروستیی جیهانی (WHO) کۆبوونەوەیەکی راوێژکاریی دووڕۆژەی سازکرد



بەشدارانی کۆبوونەوە لەسەر بەنجکردن و یەکەکانی چاودێریی چڕ گفتوگۆ لەسەر پلانەکانی وەزارەتی تەندروستی دەکەن لەگەڵ وەزیری تەندروستیی عیراق د. حەمەد ئەمین مەجید (وێنە: وەزارەتی تەندروستی)

بە مەبەستی پەرەپێدانی پلانی کارێك بۆ باشترکردنی خزمەتگوزاریی بەنجکردن لە هۆڵەکانی نەشتەرگەری و چاودێریی چڕ. کۆبوونەوەکە لە ٩ و ١٠ی کانوونی دووەمی ٢٠١٢ لە نوسینگەی بەغدای رێکخراوی تەندروستیی جیهانی بەڕێوەچوو. لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا بەشداران دەرفەتیان بۆ رەخسا لەگەڵ وەزیری تەندروستیی عیراق دکتۆر حەمەدەمین مەجید کۆببنەوە بۆ پێشکەشکردنی راسپاردەکانیان و گفتوگۆکردن لەبارەی پلان و تێڕوانینی وەزارەت بۆ ئەو بابەتە.

**هەواڵنامەی یونامی** مانگانە لە لایەن نوسینگەی راگەیاندنی گشتیی یونامی دەردەچێت و بابەتەکانیش مەرج نییە دەربڕی رای نەتەوە یەکگرتووەکان یان یونامی بێت. بابەتەکان ئازادانە بڵاو دەکرێنەوە لەگەڵ سوپاس بۆ هەواڵنامەی یونامی

بۆ لێدوان و پێشنیار پەیوەندی بکەن بە

unami-information@un.org

سەرۆکی نوسینگەی راگەیاندن / وتەبێژ: رادیە عاشوری

سەرۆکی بەشی بڵاوکراوەکان: عائیشە بەسڕی

نوسیار: ئان تسیخوس

دیزان و گرافیك: سالار بریفکانی

### لیستی کورتکراوەی ناوەکانی ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان:

تیمی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ وڵاتی عیراق ٢٠ ئەندامی هەیە، ١٦ لەوانە نیشتەجێن و ئەوانی تر نیشتەجێ نین. ئەندامەکانی ئەو تیمە ئەمانەن:

رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ خۆراك و کشتوکاڵ (FAO) و رێکخراوی نێودەوڵەتیی کار (ILO) و نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هەماهەنگسازیی کاروبارە مرۆییەکان (OCHA) و نووسینگەی کۆمیسیاری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافەکانی مرۆڤ (OHCHR) و سندووقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ منداڵان- یونیسێف UNICEF و دەزگای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یەکسانیی جێندەری و بەتواناکردنی ئافرەتان (ئافرەتانی نەتەوە یەکگرتووەکان UN WOMEN) و بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدان UNDP و ئەنجومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتیی رۆژئاوای ئاسیا (ESCWA) و رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەروەردە و زانست و رۆشنبیری (یونیسکۆ UNESCO) و بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژینگە (UNEP) و کۆمیسیاریای باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەنابەران (UNHCR) و بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نیشتەجێکردنی مرۆیی (UN-Habitat) و رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدانی پیشەسازیی (UNIDO) و سندوقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتوان (UNFPA) و نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ تاوان وماددە هۆشبەرەکان و (UNODC) و نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ خزمەتگوزارییەکانی پرۆژەکان یونۆپس (UNOPS) و بەرنامەی خۆراکی جیهانی (WFP) و رێکخراوی تەندروستیی جیهانی(WHO ). سەرباری دەزگاکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، هەریەك لە رێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ (IOM) و بانکی نێودەوڵەتی ئەندامن لە تیمی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ وڵاتی عیراق.